# یەکبوون

## کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

بەفرانباری ٢٧١٠ ژمارە : ٩ December : 2010




## لەم ژمارەیە دا :


* زمان بڕبڕەی پشتی هەر نەتەوەیەکە ... بۆ لاپەری ٢
* هزری نەتەوەیی و دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ...بۆ لاپەری ٤
* یادێک لە کۆچی دوایی هونەرمەند محەممەد عارف جەزیری ...بۆلاپەری ٥
* ٦٢ هەمین ساڵەوەگەڕی پەسند کرانی جاری گەردوونی ... بۆ لاپەری ٦
* یادێک لە وەزیری ناوخۆی کۆماری کوردستان محەممەد ئەمین موعینی بۆ لاپەرەی ٧
* کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان ... بۆ لاپەری ٨
* پەندی پیشینیان ... بۆ لاپەری ١٢
* چیرۆک بۆ منداڵان ... بۆ لاپەری ١٣
* تەندروستی ... بۆ لاپەری ١٤
* وتەی زانایان ... بۆ لاپەری ١٥
* کرونۆلۆگی کوردستان ... بۆ لاپەری ١٦

# زمان بڕبڕەی پشتی هەر نەتەوەیەکە

## باسێک لە سەر زمانی زگماکی

ڕەزا ئەمینی

### ئا) - گرینگی زمان بۆ مرۆڤ و پێشکەوتنەکانی



زمان بڕبڕەی پشتی نەتەوەکانە. "ئۆرگانیسکی" بۆ پێناسەکردنی نەتەوە، زمان بە کۆڵەکەی هەر ناسیۆنێک دێنێتە ئەژمار.

وەک دەڵێن : لە ناو چوونی هەر زمانێک، بە واتای تێداچوونی بەشێک لە فەرهەنگی مرۆڤایەتییە.

خاتوو د:"سەدیقە عەدالەتی" مامۆستای زانکۆی هامبورک، لە وتارێک دا لە ژێر زمانی زگماکی چییەو خاوەن کام گرینگییە؟ دەڵێ:

"کاتێ بە زمانی زگماکی دەئاخەوین. لە ڕاستیدا لە نێوان دڵو هزرو زمانمان، پێوەندی چڕو پڕپێکدێ. چوونکە ئەم قسانە ساتەکانی ژیان و ئەزموونەکانی ڕابردوومان بیر دەخەنەوەو لە هزرو دەروونماندا چەکەرە دەکەن.بە هەر وشەیەک هەستمان دەردەبڕین، کەیف خۆشو تەمبار دەبینو چاوەڕوان دەمێنین . بە زیندوو بوونەوەی ڕەستە گەلێک کە لە هزرماندا قەوارەیان گرتووە، شاراوەکانی دەروونمان گیانیان وەبەردادێ. لە ڕێگەی زمانەوە گشت هەستو ئەندیشەکانمان دەدرکێنو دەورو بەرمانی لێتێدەگەیەنین."

مافی زمانی زگماکی، یەکێ لەو چەمکانەیە، کە بە هۆی سیستمی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان لە نەتەوە بێ دەسەڵاتەکان زەوت کراوە. بکوژانی فەرهەنگ، زمانی زگماکیو ئەندیشەی گەلان بۆ هەرچی سانتریالیزەتر کردنەوەی دەسەڵات، لە بنەماڕا دەستیان داوەتە قۆرغکردنی کەلتووره جیاوازەکانو بەردەوام، لە پرۆسێسی فەرهەنگی هێرشبەرانە دا لە هەوڵی ئاسمیلە کردنی نەتەوەکانی داکۆکیکاری مافی فەرهەنگی دا بوون. ئەم ڕەوشە نادادپەروەرانەیە بۆتە هۆی بەربەست ڕێکخستنو لە ناو چوونی جیاوازییە کەلتووریو ڕۆشنبیرییەکانو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تووشی خەساری قەرەبوو نەکراو کردوە.

لێکۆلینەوەی شارەزایانی ئەم بوارە پێمان دەڵێن: لە نیزیک بە (٧٠٠٠) زمانی دونیا، نیوەیان واتا پتر لە (٣٠٠٠) زمان لە گەڵ مەترسی مردن ڕووبەڕوون. چوونکە زۆرێک لەو زمانانە کەمتر لە (١٠٠٠٠٠)کەس تەنانەت بگرە کەمتر لە (١٠٠٠) کەس قسەیان پێدەکەن.

لە ئەتڵەسی زمانەکانی لە مەترسی مەرگدا یونیسکۆ ڕاگەیاندووە کە لە لاکۆناس هەڵکەوتوو لە وڵاتی پرۆ (٨) کەس بە زمانی چامیکۆرۆ قسە دەکەن" ناتالیا" ژنە بە ساڵاچووی ئەم هەرێمە لە هەڵبەستێکدا، بە هۆی لە ناو چوونی زمانەکەی هەستی ماتەمینی خۆی بەو شێوەیە دەردەبڕێ:

"ئەمن بە زمانی چامیکۆرۆ خەون دەبینم<br>
بەڵام ناتوانم خەونەکانم بۆ کەس بدرکێنم<br>
چوونکە ئیتر کەس نەماوە<br>
کەسیک شک نابەم بە زمانی چامیکۆرۆ قسە بکا"

"کوئیچیرۆ ماتسورا" سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی یۆنیسکۆ دەڵێ:

" تا چەند بەرەی داهاتوو وێدەچێ لەو (٧٠٠٠) زمانە نیوەیان لە ناو بچن. کەمتر لە یەک لە چواری ئەم زمانانە لە شوێنە پەروەردەییەکان دەرسیان پێدەخوێندرێو لە ئینترنیتو ڕاکەیاندراوە گشتیەکاندا کەڵکیان لێوەردەگیرێ. سەدان زمان هەن کە تەنیا لە سەر زمانی خەڵکەوەن و لە هیچ شوێنێکی پەروەردەو ڕاهینان یا ڕاگەیەنەرە گشتیو ئیلکترۆنیکیەکان کەڵکیان لێوەرناگیردرێ! ئەو هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٨ لە دەولەتەکانی جیهانی ویست لە سیستمی پەروەردەو بارهێنانی فەرمیو نافەرمیو کارو بارە ئیجراییەکانیان بەرنامە کەلێک بگونجێنن کە پێکەوە ژیانی بە ئاشتی گەڵان مسۆگەر بکاتو هەموو لە مافی یەکسان لەو بارەوە بەهرەمەند بن، تا مافی هاووڵاتیان دابین بکرێ"

بۆ چارە سەری ئەم ئاریشە نێونەتەوەییە ساڵی ١٩٩٩ی زایینی وڵاتی بنگلادش کە خەساری بەرچاوی بە هۆی نەبوونی مافی زمانی زگماکی دیبووو بە خوێندان لە ساڵی ١٩٧١دا توانی بە سەربەخۆیی بگاو زمانەکەی لە مەترسی مەرگ نەجات بدا، پێشنیاری بە لقی فەرهەنگی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان واتە یۆنیسکۆ کرد کە ڕۆژی ٢ی ڕەشەمە(٢١فیوریە) بە ڕۆژی نێونەتەوەیی زمانی زگماکی دیاری بکرێ.
لە درێژەی ئەم هەوڵانەدابوو کە ساڵی ٢٠٠٨ وەک ساڵی زمانی زگماکی لە لایەن یۆنیسکۆوە دیاری کراو هەر ئەو ڕێکخراوە بە ئامانجی پێکهێنانی کەشێکی شیاو بۆ هەموو زمانەکانی جیهان سیستمی پەروەردەو بارهێنانی فرە زمانی بە وڵاتانی فرە نەتەوەی دونیا پێشنیار کردو وڵاتانی ئامریکا، هیند، کانادا، سویس، نۆروێژ، هولەند بە زوویی بەرەو پیری پرۆژەکەوە چوونو گرینگیان بە پرسەکە دا. بەم چەشنە پاراستنی زمانە هەریمیەکان، کەوتۆتە خانەی مافپەروەرانە. هەنووکە ئەو نەتەوانەی زمانیان لە مەترسی لە ناو چووندایە دەتوانن بۆ وەدەست خستنەوەی ئەم مافە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ڕێکخراوی یۆنیسکۆ داکۆکیکارێتی سکاڵا بە دژی پێشێلکەرانی مافە ڕەواکەیان بکەنو بە ر بە توانەوەی نەتەوەیی خۆیان بگرن.

لەو وڵاتانەی لە دەسەڵاتی پلۆراڵ – دیمۆکراتیک بەهرەمەندنو نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە قەوارەی سیاسی فیدراڵ بە تەبایی ژیان دەکەنو تێلۆرانسو وێکهەڵکردن ڕەوشیانە. لە پەنا زمانی فەرمی وڵاتەکە زمانە ناوچەیەکان فەرمینو لە قوتابخانەکانو سیستمی پەروەردەی دەولەتدا بە تەواوی کەڵک لە زمانی زگماکی هەر ناوچەیەک وەردەگیردرێ. بڵاڤۆکو ڕۆژنامەو میدیاکان بە زمانی ناوچەی خۆیانو لە سەر بوودجەی گشتی وڵات بەڕێوە دەچنو چەشنێک پلۆرالیزمی فەرهەنگی لە پراکتیک دا بەڕێوە دەچێ .ئەوەش واتای کۆلکە زێرینەی کەلتووری و فەرهەنگی بەو وڵاتانە بەخشیوەو پێشکەوتنی بەرچاوی هەمە جۆریشی بۆ بە دیاری هێناون.

مافی خوێندن بە زمانی زگماکی لە وڵاتانی ئیسکاندیناوی بە تایبەتی نۆروێژو سوئێد بە تەواوی یاسایی کراوە و کەمترین ڕێژەی حەشیمەتی هەر نەتەوەیەک دەتوانن کەڵک لەو مافە مرۆڤتەوەرانەیە وەربگرنو دەسەڵاتیش وەک ناوەندێکی خزمەتگوزاری هاو وڵاتیان لە بەڕێوە بردنی یاساکەدا هەر ئاسانکارێک وەرێدەخا.

### ب)- ئێران وڵاتی فرە نەتەوەیی یەک زمانو یەک نەتەوەیە

وڵاتی ئێران خاوەن پێکهاتە گەلی نەتەوەیی، ئەتنیکی ، زمانی، کەلتووریو ئاینی ڕەنگاڵەیەو زۆرتر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێویستی بە گرینگیدانی پرسی چەشناو چەشنی زمانییە.
لە گەڵ ئەوەی دا نەتەوە گەلی توورک، کورد، بەلووچ، لۆر، عەرەب، فارسو کەمینە ئیتنیکییەکانی مەسیحی، ئاشۆری، ئەرمەنیو... پێکهاتەی نەتەوەیی – ئتنیکی ئێران پێکدێنن. دەسەڵاتە خۆسەپێنەکانی ئێران لە سەد ساڵی ڕابردوودا تەنیا زمانی فارسییان بە سەر نەتەوەکانی ئێران داسەپاندووەو بەشی هەرکام لە نەتەوە غەیرە فارسەکان لە بواری فەرهەنگیەوە (٠) بووە.
سیستمی دەسەڵاتدارەتی ناوەندگەرا کە لە سەرچاوەی لیخنی سیاسەتی شوینیزمی نەتەوەی باڵادەستی فارسەوەو لە پەراوێز خستنی نەتەوەکانی تر پاراو کراوە دەرەتانی هەڵدانو باڵاکردنی فەرهەنگە چەشناو چەشنەکانی ئێرانی بەربەست کردووە. دیکتاتۆرەکانی ئێران بە بڕوبیانووی پاراستنی تەواویەتی خاکی ئێران خۆیان لە قەرەی گەنجینەی پڕپیتو بەرەکەتی فەرهەنگی ئەو وڵاتە نەداوە بەوەندەش نەوەستاون بەڵکە بنەمای فەرهەنگو ڕۆشنبیری گەلانی بندەستی ئێرانیان خاپوور کردووە.

ڕەزا خان ئەو ناسیۆنالیستە شووینیستە فارسە بوو کە ئامانجەکانی شۆرشی مەشرووتەخوازی (١٩٠٦ ز) کە لە گەل خۆی دا دیسکۆرسی فرە فەرهەنگ گەرایی هێنابوو ، لە ناو برد. لە گەڵ هاتنی ڕەزا خان قەوارەی سیستمی کۆمەڵگای ئێران کە چەشنێک فیدرالیزمی نەریتی بوو لە بەر یەک هەڵوەشاو ژێستی ئاریائیزمی ڕەزا خانی میر پەنج بەرهەمەکەی دامەزراندنی وڵاتی ناوەند گەرای ئێران و زەمینە خۆشبوون بۆ دروشمی یەک وڵات یەک نەتەوە کە ئاڵا هەڵگرەکەی هەر ئەو بوو بە ئەنجام گەیشت.

ئەم دروشمە ئێران وێرانکەرە دەستی هێرشکارانەی بۆ سەر نەتەوە غەیرە فارسەکان ئاوەڵاکردو بەم جۆرە ئیرادەی ڕاسیستی بە سەر جیاوازی خوازی فەرهەنگی دا زاڵ بووو ئەمەش بە سەرتایەکی نوێ لە دەسپێکی ڕەوشی ژینۆسایدی سپی دێتە ئەژمار کە دیکتاتۆری دوای ڕەزاخانیش واتە ڕەزا پەهلەوی سەر لە نوێ بۆ وەبەرهەمهێنانەوەی ئە م ڕەوشە درێژە پێدەرو پەرەپێدەری سیاسەتی زاڵکردنی نەتەوەی

باڵادەستی فارس بوو. لە گەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی پتر لە هەر دوو دیکتاتۆر هەوڵی سڕینەوەی زمانی نەتەوەکانی ئێرانی داو ئەم دەسەڵاتە بە هێنانی ئیدئۆلۆژی پان ئیسلامیستی کە لە بنەمادا دژایەتی لە گەڵ هەر زمانو فەرهەنگێکی ترە بیرۆکەی "امت واحد اسلامی" کردە گۆپاڵی سەرکووتی فەرهەنگە جیاواز بیرەکان.تێکەڵاو کردنی دینو دەوڵەتو بەکار هێنانی لە کردەوە دا و ئامانجی هەناردنی شۆرشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لە راستی دا کپکردنی دەنگو رەنگو زمانەکانی نافارسی بوو. ئەم دۆخە نالەبارە دەرگای نیوە کراوەی پەرەگرتوویی فەرهەنگی گەلانی ئێران کە بە هۆی خەباتی دەیان ساڵەی ئەوانەوە و لە شۆرشی مەشرووتەوە دەستی پێکردبوو و لە بەرانبەر دوو سیستمی پەهلەوی دا بەربەرەکانی نواندبوو و لە گەڵ شۆرشی گەلانی ئێران لە سالی ١٣٥٧دا دەلاقەی روو لە رزگاری بە سەر دا کرا بۆوە بە هاتنی کۆماری ئیسلامی بە هەمیشە پێشکەوتنی زمانی زگماکی دەرگای لە سەر گاڵە درا. تایبەتمەندی مەترسیدار لەو بارەوە ئەوەبوو کە بە ناوی ئیسلامو ئایینەوە ئەم جیاوازییانە دەرەتانی خاپوور بوونیان بە یاسایی کرا.

لە دەسەڵاتی ئایینی تاراندا دوو بەندی ١٥و١٩ لە یاسای بنەرەتی ئێراندا گونجێندران ئەویش تەنیا لە چوارچێوەی دروشمدا لە حەقیقەت دا ئەم دەسکەوتەش بەرهەمی خەباتی گەلانی بندەست لە ساڵەکانی ٥٧و٥٨ دابوو و کۆماری ئیسلامی ویستی لەم ڕێگەوە خۆ لە چەنگ ئەو قەیرانە دەرباز بکا . بەڵگەی سەلمێنەری ئەم ئیدعایەش جێ بە جێ نەبوونی ئەم دوو بەندە لە یاسای بنەرەتی ئێرانە چوونکە پێیان وابووە جێ خستنی ئەو بەندانە زیان بە لەبەریەک هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەکەیان دەگەیەنێ.

هەنووکە لە گەڵ ئەوەی زۆر نەتەوەی تر لە ئێراندانو غەیرە فارسن بەڵام زمانی فەرمی ئەو وڵاتە فارسییەو لە ناوچە جیاوازەکاندا مافی خوێندنو نووسین بە زمانی زگماکی لە سیستمی پەروەردەو بارهێناندا یاساغە.

ئاکامی سیاسەتی رەگەزی یەک زمان، یەک نەتەوە، یەک وڵاتی ناوەندگەرا لە درێژەی ئەم نیزیک بە هەشتا ساڵە دا بۆتە هۆکاری کێشەو گرفت گەلی نەتەوەییو کۆمەڵایەتی بەرین کە زیانەکانی بە ئاسانی قەرەبوو ناکرێتەوەو ئەم دۆخە نارێکوپێک بوونی هەڵدانی ئابووری، سیاسی ، کۆمەڵایەتی،فەرهەنگیو... پێکهێناوەو ناعەدالەتی بەرچاو بە کۆمەڵگای ئێرانەوە دیارە. منداڵانی غەیرە فارسی ئێرانی لە رۆژی یەکەمی چوونیان بۆ قوتابخانە لە زمانیزگماکی بێ بەشن.ناچارن بە زمانی بێگانە دەرس بخوێنن ئەوەش بۆتە هۆی لێئەستاندنەوەی شوناسو کەسایەتیان و لە کۆمەڵگاو نەتەوەی خۆیان دادەبرێن . گرفتەکانی پێوەندیدار بەو کەشە ناسالمە گەلێک زۆرن بە چەشنێ کە ئەو منداڵانە ناتوانن ئۆگری بنەماییان بە فیر بوونی زانست هەبێ. بۆیە ئاستی رۆشنبیرییان لاواز دەبێو بە زەحمەت بەو زمانە نادایکییەیان دەتوانن زانیارییان بەرنە بان.ئەم وەزعە ناتەندروستە فەرهەنگییە لانی کەم تا برینی قۆناغی سەرەتایی خوێندن بەردەوامە و لە ئاستەکانی سەرەووەتریش شوێندانەری نەرێنی خۆی هەر دادەنێ. مامۆستاو قوتابیانی غەیرە فارس بە تامەزرۆیەوە لە پۆلەکاندا ناتوانن ئاڵو وێرِی زانست بکەن چوونکە متمانەیان بە زمانی بێگانە نییە. تەنیا رێکاری دەرباز بوون لە و قەیرانە گشتییە ئیرادەی هەموو نەتەوەکان بۆ چەسپاندنی مافی زمانی زگماکیە. بە فەرمی بوونی ئەم گرینگیە بەرژەوەندی هەموو گەلانی ئێران بۆ ژیانی بە ئاسوودەیی و بە دوور لە چەوسانەوەی فەرهەنگی مسۆگەر دەکا.

ج) - کوردوکێشەی زمانی دایکی

زمانی کوردی شێوازی ئاخافتنی گەلێکی پتر لە( ٤٠٠٠٠٠٠٠)میلیۆن کەسیە. کە لە رادەیەی نێونەتەوەیی دا هیچ زمانێ بەو حەشیمەتە زۆرەوە نەکەوتۆتە بەر پەڵاماری لە ناو چوون. ساماناداری ئەو زمانە لە شێوەی دیالکتیکی جۆراوجۆر دایە. کە لە بەر نەبوونی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی، بە هەژاری ماوەتەوەو بە دەگمەن بەهرە هزریو ئەدەبییەکانی بۆ زمانی تر وەرگێردراونەتەوە. گوشاری بەربڵاوی داگیرکەرانی کوردستان بۆ تێکو پێک دانی ئەم گەنجینە کەلتوورییە، تراژیدیای نەتەوەی کوردی قووڵتر کردۆتەوە.

بە فەرمی کردنی ئەو زمانە، خەونی لە مێژینەی کورد بووەو دەریایەکی خوێنو خەبات بۆ وەرێخراوە.

لە چوار چێوەی دەسەڵاتی وڵاتانی ئێران، تورکیە، عێراق، سوریە کە کوردیان بە سەر دا کەرت کراوە. بە توندی پەلاماری زمانی کوردی دراوە.

رەوتی سڕینەوەی لەو بابەتە مێژووی دوورو درێژی هەیە. بەو پێیەش مێژووی پانو پۆر لە خەبات بۆ پارێزگاری کردنی لە ئارا دا بووە. بە فرتو فێڵی جۆراو جۆر، بۆ تەکاندنەوەی شوناسو زمانی کورد، لە شێواز گەلی جیاواز کەڵک وەرگیراوەو گەلە کۆمەگی لێکراوە، تا کۆڵەکەی زمانیمان بە سەرمان دا بڕوخێنن.

هەنووکە ئەم پرسە هەم بۆ کورد و هەم بۆ بکوژانی ئەو نەتەوەیە بۆتە بابەتی سیاسی، چوونکە رەوشی سڕینەوەی سیستماتیکی ئەم زمانە بە توندی لە رێدایە.کورد ناچار بووە لەو بارەوە خوێنی زۆر بدا. لە تورکیە رەوتی ئاسمیلەکردنو قەلاچۆی کورد، بە هێرش بۆ سەر زمانی کوردی لە لایەن "کەمال ئاتاتورک"وە دەستپێدەکا قۆناغی مەترسیدار دەبڕێ.لە ساڵی ٢٠٠٩کە کوردەکان دەسەڵاتی ئەو وڵاتە ناچار بە پاشەکشەی ئیستراتیژیک دەکەنو وازی پێ لە ئیدعای بێ بنەمای "کورد بە تورکی کێوی دانان" دێنن ملیان پێ بە رێفۆرمێکی رووکەش دەدەنو برێ مافی فەرهەنگیان لێدەستێننەوە. هەرچەند دەسکەوتەکان زۆر بنەمای نابنو ناتوانن، کۆمەگی شیاو بە مافی فەرهەنگی کورد بکەن. بەڵام لە جێی خۆی دا ستۆپێکی دەمکوت بۆ بەر گرتن بە ژینۆسایدی سپی دەخەنە بەر دەم دەسەڵاتەوە. ساڵی ٢٠٠٩و لە رۆژی جیهانی زمانی زگماکی دا،" ئەحمەد تورک" سەرۆکی پارتی" DTP" بەرانبەر کۆمەڵێ رەگەزپەرستی ناو پارڵمانی تورکیە، بە زمانی کوردی هاتە قسەو تابۆی قەدەغەبوونی زمانی کوردی لە پارڵمانداو بۆ دووهەم جار شکاند. تابۆیەک کە پێشووتر "لیلا زانا" شکاندبووی‌و تەنیا بە تاوانی کوردی قسەکردن ١٥ساڵ بەندی بەسەر دا سەپابوو. لە گەل هەمووی ئەوانە. هەنووکە مافی خوێندنو نووسین بە کوردی، لە سیستمی پەروەردەو بارهێنانی ئەو وڵاتە یاساغە.

رۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی سەپاندنی سیستمی ئیدئۆلۆژیک – توتالیتری دەسەڵاتەوە، بە توندی لە گەڵ مەترسی لە ناو چوونی زمانی کوردی بەرەوروویە.دوو جەمسەری هێرشبەری، ئیدئۆلۆژی ئایینیو شووینیزمی فارس، کوردی لە بەر دم کێشەی دوو ڤاتی داناوە.

منداڵانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بەش براون . مامۆستاو پسپۆرانی ناوەندە، پەروەردەییو بارهێنانییەکان، دەبێ بە زمانی نەتەوەی باڵادەستی فارس وانە بڵێنەوە.

سەرنج راکێش ئەوەیە! کۆمەڵێ شوینیست – راسیست، زمانی کوردی بە بن زاراوەی زمانی فارسی کە پڕە لە وشەی عەرەبی دێننە ئەژمار!...

کاریگەری سیاسەتی سەقەتی فەرهەنگی دەسەلات لە ئێراندا، شێوەی ئاخافتنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی گۆڕیوە. لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، زمانی کوردی تامو بۆنی کوردانەی کەم پێوە ماوە. بە وتەی هەندێکان" کلاسی دابەزیوە"

ئەگەر زمانی کوردی نیوەنووزەیەکی وەبەرماوە. بە هۆی پاراستنی لە ناوچە لادییەکانو خەباتی حیزبو رێکخراوەکانی تاراوگەو کۆرو کۆمەڵە ئەدەبیو فەرهەنگیو رۆشنبیرییەکانی ناوەندی شارەکانە. کە کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی لە هەوڵی کوێرکردنەوەی ئەم دەرووبەش دا بووەو ویستوویەتی، ئیرادەی ئایینی نووسینو کوردی تێکدان بە سەر رۆژنامەڤانانو نوسەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بسەپێنێ. زۆر گۆڤارو بڵاڤکی کوردی، کە پڕن لە ئەدەبیاتی پڕو پووچی ئایینیو وشەی زۆڵی کوردی ئیزنی بڵاو کردنەوەی بە تیراژی زۆرو بودجەی بۆریان پێدەدرێ، تا زمانی کوردی پێ بشێوێندرێ. دەنگو رەنگی کۆماری ئیسلامی بە زمانی کوردی، زۆرترین پیلانی بۆ تێکدانی زمانی کوردی تێیدا بە کار دەبرێ. کە ناوی هەموو ئەو غەدرانەش بە خزمەتکردن دەنرخێندرێ! جێگای کەیف خۆشییە. لە گەڵ هەموو ئەو پیلانانە کە کۆماری ئیسلامی بەرێوەیان دەبا. دەرەتانێک بۆ رزگاری زمانی کوردی لە ژێر ستەمی ئەدەبیاتی ئایینیو شوینیزمی فارسی هەرماوەو رێبوارانو سوارچاکانی ئەم گۆرەپانەی خەبات شلو شەکەت نایەنە بەرچاو.

لە سورییەش دۆخەکە بەو تراژیدیایە بەرێوە دەچێ و دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بە چرۆپرێ، سەرقاڵی سڕینەوەی ئاسەواری کوردو زمانەکەیەتی.

گەلی کورد لە عێراقدا بە هۆی پێشێلکردنی مافو ئازادییەکانی لە لایەن دیکتاتۆرەکانەوە، بە تەواوی هەوڵی لە ناو بردنی دراوە. لە گەڵ بە دەسەڵات گەیشتنو خاوەنداریێتی سەروەریی نەتەوەیی خۆیان لە ساڵی ١٩٩١ دا مافی پاراستنی فەرهەنگو زمانیان کە پێشووتر لێ زەوت کرابووو توانیان بە هۆی دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان وەدەست بخەنەوە.بەر لەوە لە مافی زمانی زکماکی بێ بەش بوون. هەنووکە لە قوتابخانەکاندا بە زمانی کوردی دەرس دەخوێندرێو لە سیستمی پەروەردەو بارهێنانی عێراقی فیدرالدا مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ کورد بە فەرمی ناسراوەو یەکێ لە دوو زمانە فەرمییەکەی ئەو وڵاتەیە.بەم جۆرە بەر بە توانەوەی نەتەوەیی گیراوەو بەشێ لەو خەسارانەی رەوتی لە ناو چوونی ئەدەب، کەلتوور، فەرهەنگو زمانی کوردی قەرەبوو کراونەتەوە. ٢ی رەشەمەمە، دەرەتانی لەباری خۆرێکخستنەوەی کوردو وەگەرخستنەوەی هەوڵی هەموو لایەنەیەتی. تا ئاریشەی زمانی کوردی بەرێتە نێو کۆرو کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکانو رێکخراوی یۆنیسکۆ لەو مەترسیانە ئاگادار کاتەوە کە بە هۆی سیاسەتی شووینیستی داگیر کەرانی کوردستان، مەترسی لە ناو چوونی ئەدەبو کەلتوورو زمانی کوردی لە ئارا دایە.

پترین ئەرک لەو بارەوە دەکەوێتە سەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستانو رێکخراوە مەدەنییەکانی کورد لە هەموو پارچەکاندا. بۆ لاپەرەی ٥

سەرچاوە Serchawe

# هزری نەتەوەیی و دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ

شـنه پێنجـوێنی



ئەو هیوایەی کە نەتەوەی کورد لەساڵی (١٩٢٠) دا لەسەر پەیمانی سیڤەر هەڵیچنیبوو بە ماڵ وێران کردنو کارەساتێکی جەرگ بر بۆ کورد، لە پەیماننامەی (لۆزان)دا بەدەرکەوت، بە لام بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆناڵ بۆتورکەکان کۆتایی هات ، ئەوەش بەهۆی سیاسەتی دۆستانەی تازە دروست بووی شوورەوی بوو بەرامبەر بە کەمالیستەکان ویارمەتیو پاڵپشتییان لەلایەک و ناکۆکی نێوان هێزە هاو پەیمانە رۆژئاواییەکان و بز ووتنەوەی چەکداری موستەفا کەمال ئەتاتورکێس لەلەیەن فەرەنساوە، چارەنوسی کوردیان لە دامەزراندی دەوڵەتێکی ناسیۆناڵەوە گۆری بۆ ژێر دەستەیی پارچە پارچەکردنی نیشتمانەکەی.تا دەست پێکردنی شەری جیهانی دووەم.

داگیر کردنی کوردستانی رۆژهەڵات لەلایەن سوپای روس وئینگلیزەوە بووە هۆی هەڵگیرساندنی سێ شەری گەورە لە کوردستانی باکووردا ، دژی ژێنۆسایدی رژێمی کەمالیزمەکان. لە پێناوی کوردستانێکی سە ربەخۆدا ، مەخابن ئەوانیش بە شکست و ژێر دەستەی کورد کۆتای هات. پێش سێ ساڵ بە کۆتـایی هـاتنی شـەری جیهـانی دووەم ،هیوا گەڕایەوە بۆ کوردەکان لەبەشی رۆژهەڵاتدا ، هەلێکی باش رەخسا بۆکوردەکان کە درێژە بە خەباتی سیاسی خۆیان بدەن، چونکە ئێران لەو کاتەدا دەسەلاتی ئیداری و سوپای لە کوردستاندا نەمابوو، تێکۆشانی کورد لە لایەن کۆمەڵەی (ژ.ک ) لەماوەی دوو ساڵدا توانیان زۆرێک لە دانیشتوان بەهەستێکی کورد پەروەرانە گۆش بکەن و لـە رێگەی گۆڤـاری (نیشتمان)ەوە بانگی سەربەخۆیی وکوردستانێکی یەکگرتووی بدات. دوای پەیمانە شومەکەی (لۆزان ) کۆمە ڵەی (ژ.ک)توانی نوێنەری هەرسێ پارچەی کوردستان لە چیای (داڵنبەر)کۆبکاتـەوەو هـەوڵ و خـەباتیان لـە گـەر خەن بۆ کوردستانێکی سەربەخۆیی یەکگرتوو.هەرچەندە پەیوەندی نێوان کوردو روس زیاد لە سەد ساڵێک دەبوو، زۆرێک لەسەرکردەو سەردارانی کورد دانوستانیان لـە گـەڵ روسەکاندا کردبوو بە مسۆگەر کردنی لانی کەم گەر پاڵپشتیشیان نەبن پشتی دوژمن نەگرن.

لە سەردەمی (شووروویدا) زیـاتر دەمامکەکان دەرکـەوتن و مەسـەلەی کـورد لـە مـافی چارەنووسـی لـە کوردستـانێکی سـەربەخۆدا گـۆری بـە (خـود موختـاری)دوایش بـەوە رازی نـەبوون کـرا بەدەسـەلاتێکی ئیداری( لامەرکەزی) .

ئێمەی کوردیش بەدرێژایی ئـەو مێژووە غـەدرمان لێکراوەو زێـدی بـاو باپیرانمـان بێناسنامە ماوەتـەوە هەڵبەتـە ئێمەی خۆراگریش لەبەردەم ئـەم هـەموو داگیرکردنانـەدا لەبـەر خودانـا بـووین و بزوتنـەوەی کوردایەتی بە سەرۆکایەتی (قازی محەمەد) وسەرداران و رۆڵە وهێزی میللەتەکەی کۆماری مهاباد لە مەیدانی چوار چرا راگەیندرا، ئەم سەرکەوتنە مەزنە لە لاپەرەکانی مێژوودا تۆمار کرا. ئەوەندەی نەخایاند دیسـانەوە بـە پیلانـی دوژمنـانی کـە روس و سـەرەک وەزیرانـی ئـەو دەمەی ئێران ، لـە پێنـاوی بەرژەوەندیـە تایبەتیـەکانی خۆیـان کـوردو مەسـەلە رەواکـەیان کـردە قوربـانی سیاسـەتی تەڵـە کەبازانـە و بـێ مرۆییانەیان. دوای ئەوە خەبات و بزوتنەوەی کورد بەسەرۆکایەتی بارزانی دەستی پێکردوو بەداخەوە ئەویش بە نسکۆی ساڵی (١٩٧٥) کۆتای هات ونەگەیشتنە هێنانـەدی ئامانجەکانی ئـەم میللەتـە یەکێک لە فاکتەرەکانی ئەم نسکۆیە خیانەتی محەمەد رەزای شای ئێران و رێکەوتن نامەی جەزائیر بوو.

دیارە مێژوو خۆی تۆمار دەکاتەوە، لەماوەی ئەم سەد ساڵەدا سێیەمین دەرفەت کە بۆ کوردەکان هاتبێتە پێش ،ئەویش دەستکەوتی کوردستانی باشوورە لە ژێر ناوی' حکومەتی فیدراڵی کوردستانی ئازاد' دا دیارە ئەم دەستکەوتە، هەوڵی خەبات و شۆرشە یەک لەدوا یەکەکانی کوردەو جێیی هیوایە بۆ بەشەکانی تـری کوردستان. ئاشکرایە سیاسـەتی وولاتـانی داگیرکـەرو زلهێزەکـانی دنیـا بـەدرێژای مێـژوو هـەتا هەنووکە سیاسەتی ( پەرتکە وزاڵ ) بەی عوسمانیەکان پیادە دەکەن و بەرنامەو پرۆگرامیانە و سەلماندیان کە هیچ کات پشت وپانەی کوردان نـەبوون وناشبن، بگـرە هـەوڵ بـۆ هەلوەشـاندنەوەی ریزەکـانی گـەلی کـورد دەدەن و پارچە پارچەکردنی خاکەکەیان. لەم سۆنگەیەوە کە من وەک تاکێکی ئەم میللەتە ژێر دەستەیە رۆچونێک بەناو مێژووماندا دەمگەیەنێتە ئـەو ئاستەی کۆمەڵـی راو بۆچونی خـۆم راشکاوانە بـاس بکـەم و وکاتی ئەوە هاتووە پەنجە بخەینە سەر ئازارەکانمان ، بەچەند پرسیارێ دێمە گۆ.

ئایا بۆ تـا ئێستا لەگەڵ ئە و مێژووە پرلە خەبات و پر ئازارەماندا نەمانتوانیوە سەربەخۆیی سەرتـاسەری بەدەست بهێنین؟ هۆکاری سـەرەکی نوشستیمان چییە ؟ ئایـا کـاتی ئـەوە نـەهاتووە بـە هـەموو چین و توێژە جیاکانی نەتەوە هەر لە رۆشبیرو و هونەرمەند وسیاسەتمەدارەکانمانەوە بۆچوون و شیکردنەوە و راڤەکردنێکی سەردەمیانە و تـازەمان هەبێ بۆ رابـردوو و ئێستا و داهاتوومان؟خوێندنەوەیەکی وردبینانـەو زانستیانەو شی کردنەوەی کەسایەتییە مێژویەکان وسوود بینین لە رابردوو ، تـا دووبارە ئەو هەلانە دووبارە نەبێتەوە.

بەرای من هوکاری، دەرەکی و نـاوەکییە ،هۆکاری دەرەکی ئاشکرایە وولاتـانی داگیر کەر وزلهێزەکـانی دنیا هەموو جۆرە رێگەیەک دەگرنە بەر کە کورد نەتوانێت تێیدا گەشە بکـات وداوای سـەربەخۆیی بکـات هـەر جارەی بە هۆیەک بێ بەڵێنی و پەیمان شکێنی چارە نووسی کوردیان بەرەو هەڵدێر بردووە ،لە پێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیان .دووەم هۆکار ناوەکییە، ئـەو هـەموو راپـەڕین و شۆرشـانەی لـەم نیشتمانە بـەش بەشبووەدا بەرپا بووە بە رێژەیەکی زۆربە سۆزی نەتەوەیی کراوە . هزری نەتەوەیی پێگەی خۆی وەکو پێویست دانەکوتاوە لەناو مێشک و بونیاد بـوونی هـەموو تاکێکدا ،ئەمە راستییەکی تاڵـە و چۆن بتوانین ئەم هزرە لە رووی رامیاری و ئابووری و زانستی و کۆمەلایەتی و ئاینیەوە بۆ پەرژەوەندی سەر بە خۆیی نەتەوە ئامادە بکەین . هۆی سەرەکیش ئـەوە بـووە کە ئێمە تـا ئێستاش نـەمانتوانیوە بـە پێـی پێویست بەرنامەرێژیەک بکەین بۆ پەروەردەکردنی تـاکێکی کوردی چەکدار بە بیری نەتەوایەتی.هەروەها تـاکی کورد ئا گاداری مێژووی خۆی نییە،بێئاگایی لە رابردوو دەبێتە مایەی فەرامۆش کردنی ئایندە.

بە بۆچونی من یەکەم هەنگاومان دەبێ لە پەروەردەکردنی ناو خێزانەوە دەستپێبکات ،هـەر لێرەشـەوە چەمکی نیشتمانپەروەریی ئاشنابکەین بە ئەندامەکانی و دواتـر شۆربێتەوە بـۆ خوێنـدنگاکان و بەشـەکانی تـری ژیان ، دەبێ فیری ئەوە ببین کە چۆن تاکێکی تۆکمەی هۆشیار و دلسۆز بە نیشتمان و نەتەوە پەروەردە بکەین باوەری تەواوی بە بوونی خۆی هەبێت و سوور بێت لەسەر چەسپاندنی مافەکانی بە هزرێکی نەتەوەیی ، ئەو کات بۆ خۆی رێرەوی تەندروست و گونجاوی خۆی لە هەموو رویەکەوە دەبینێتەوە .

بوونی هزری نەتەوایەتی بۆ میللەتـان کە پەیامە پیرۆزەکەی ئازادی و سەربەخۆییە پێویستیەکی رەهایە ، بەتـایبەتی بۆ ئێمەی کورد، کە تـائێستا لەژێر چەپۆکی داگیرکەراندا دەنـالێنین ، مانـای راستەقینەیە بۆ ژیان ، خزمەتکردنە بە ئایندی نەتەوە و گەیشتنە بەکەینونەی بوون .

کەواتە ئێمە کاتێک مانا دەدە ین بە بوونمان کە بتوانین بەگشتی خزمەتێک بـە مرۆڤایەتـی بگەیـەنین و بەتـایبەتیش ئامانجە نەتەوەیەکانمان لـە پێنـاوی سـەربەخۆیی سەرتـاسەری لـە هـەر ئـاستێک دابێت بهێنێتە دی ، دەنا ئەگەر ژیان بەمانا سادە و شێوە ساکارەکەی بەرێوە بچێ و دواتر بەمردن کۆتایی بێت ، دەشـێ بـوترێ نـەبوون چاتـرە لـەبوون . ئێمـە دەبێت بمرین بـۆ ئـەوەی سـەروەری بۆ نەتـەوە بەدەست بهێنین کە مانای ژیانە بۆ مرۆڤایاتی.

بەدرێژایی مێژوو سەدەها خەڵکی زانا و مرۆڤ دۆست و تێکۆشەر لە پێنـاو جاویدانبوونیان ، توانیویانـە سـەروەری بـۆ مرۆڤایـەتی بەدەست بێنن . راستـە بـە شێوە ی جەستەیی و فیزیکـی مردوون بـەلام هـەتا ئێستاش بە کار و هزریان خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەن و مانای باشتر دەدەن بە ژیان ، بەرەنگێکی تر لەم گەردوونـە بـاس لـە بـەها مرۆییەکان و ئـازادی تـاک دەکـەن ، کەواتـە مرۆڤـە گیـان لەسەردەستەکان و لەخۆ بوردەکان هەردەم دوای خۆشیان ژیان بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی بەرجەستە دەکەن ، بەمەش چەمکە راستیەکانی بوون دەسەلمێنن .

مێژووی نەتەوەکـەمان بـە پێنووسی داگیرکـەران نووسـراوەتەوە ، هـەر لـەبەر ئـەم هۆیەشە دەسـەلات دارانـی کورد لەهـەر پارچەیەکی نیشتمان بـالا دەستبن یـەکێک لـە ئەرکـە سـەرەکیەکانیان ئەوەیـە خاڵـە چەواشەکراوەکانی مێژوو سەرلەنوێ دارێژنەوە ،هەوڵی یەکگرتنی ریزەکانیان بدەن دیارە هەموو ئەم هەوڵانە دەسەلاتێکی تۆکمە بە هزری نەتەوایەتی و دلسۆزی خاکەکەی دەوێت رابەرێک بێت لـە ئـاست ئـەم بەرپرسیارە مێژوویەدا بێت .

ئازادی و سەربەخۆیی بنەمای بوونە ، هەموو تـاکێکی ووشیار دەزانێ کە سیاسەت مەدارانی کورد تا ئێستا لە خەباتی چەکداری و حیزبایەتی زیاتر هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆیان بەرەو دامەزراندنی پێگەی بتەوی دەسەلاتێکی رەهای نەتەوەییان نەناوە ،کە بەرژەوەندی کوردستانی بوون وخزمەت کردن بە میللەت و خاکەکەی پێش بەرژەوەندیە تایبەتی و حیزبی یەکان بێت ، هەر لەبەر ئەوەشە دەبێ رووناکبیران بە ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان هەستن و پێگەی هەنگاوەکانیان بەپێی بنەما پێشکەوتووەکانی سەردەم شوێنکەنەوە و هەوڵەکانیان سەرجەم لە پێناو ئامادە باشی بێت بۆ ریکخستنی هۆکارە سەرەکیەکانی هێنانەدی دەسەلاتێکی رەها ی ئەوتۆ کە بتوانێ ئایندەیەکی روون بۆ نەوەکانی داهاتوو فەراهەمکا و بیانگەیەنێتە لێواری ئارامی وسەربەخۆیی . هەوڵەکان یەکبخەن بۆ نوسینەوەی زمانیکی ستانداردی کوردی تـا هەموو بەشەکانی کوردستان تییدا بەشداربن لە گۆرینەوەی زانیاری جێگەی شانازیمان بێت . لەم بارودۆخەی ئێستاماندا پێویستمان بە شۆرشیکی هۆشیاری هەیە لە هەموو رویەکەوە ، رامیاری و ئابووری و کۆمەلایەتی

سەرچاوە Serchawe

و زانستی و ...هتد

هێنانەدی ئەم ئامانجانە پرۆسەیەکی یەکلایەنە نیە و سەر بەیەک حیزب و پارتێک نیە ، بەلکو هەوڵدانێکی سەرجەم چین و توێژەکانی هاونیشتیمانیانە لەسەرجەم بەشەکانی کوردستان هەماهەنگی لەنێوان سەرجەم پارچەکان چێ ببێت و ئازارەکانی هەربەشێک بە ئازاری یەکتر بزانرێ ، هەروەها دەشێ رۆشنبیران و هونەرمەندان و زانستپەروەرانیش لەسەرتا سەری کوردستان وتار و چالاکیەکانیان یەکخەن و پێکەوە لەگەڵ کێشەرەواکانی نەتەوەیەکەیان خۆیان بە جیهان بناسێنن .

لە کوتایی دا دەشێ هەوڵدانی هەموو لایەکمان چڕ کەینەوە لە پێناو سەپاندنی هزری نەتەوایەتی دروستبوونی دەوڵەتێک کە بنچینەکەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بێت ، دەوڵەتێک مافی مرۆڤی تیا بەرجەستە کرابێت ، و بنەما سەرەکیەکانی ئازادی بۆتاکەکانی فەراهەم کردبێ و نەتەوەیەکی مەزنیش تێیدا سەرهەڵبێنێت .

==================    ====================    ===================

## پاشماوەی لاپەڕەی ٢ : زمان بڕبڕەی پشتی نەتەوەکانە

ڕێکخراوو لایەنەکانی بەرهەڵستکاری دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی داگیرکەری کوردستان، پێویستە بە پلاتفۆرمی هاوبەش بێنە، ئەو گۆرەپانە لە خەباتو داکۆکیکاری بەرگرتن بە فەوتانی زمانی کوردی بن . کوردستانییەکان دەتوانن. ئاکسییۆنو کەمپەینی میلیۆنی وەرێ خەن و کێشەکەیان لە بەردم کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی دابنێن.

ڕووناکبیرانو دلسۆزانی فەرهەنگو ئۆگرانی زمانی زگماکی، ئەرکیانە کۆمەلانی خەڵک بە دژی هێرشی فەرهەنگی ئامادە بکەن.

ژێدەر:
١ - جریانهای قومی در ایران ریشەدار هستند . یوسف عزیزی بی گرف در گفتگو با هفته نامه عصر کارون
٢ - کودک و زبان مادری صدیقه عدالتی
٣- ئامارەکان لە ئینترنیت وەرگیراوە
٤- لە رۆژی جیهانی زمانی زگماکیدا زمانی کوردی پەرلەمانی تورکیای هەژاند مادنیوز
٥ - روز جهانی زبان مادری«مقاله»
٦ - منبع:دویچه وله بان مادری روز جهانی زبان مادری، تنگناها و دستاوردهابه قلم : بیژن برهمندیتاریخ انتشار مقاله ٢٠٠٩/٠٢/٢٣ به روز شده ٢٠٠٩١٤:٣٨/٠٣/٢٩
سەرچاوە : رۆژهەلات تایمز

❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋

# یادێک لە هونەرمەندی ناوداری کورد محەممەد عارف جزیری

١٩١٢ - ١٩٨٦



ستران بێژ و لاوک بێژی بەناوبانگی کورد محەممەد عارفی جزیری، لە ساڵی ١٩١٢ دا لەجزیرە و بۆتان لەدایک بووە. ژیانی منداڵی ء لاوی، گەلێک دژوار بووە، تەنانەت بەبەر چاویەوە، باوکی بە زۆرملێی دەبەن بۆ شەڕی جیهانی یەکەم و ئیتر ناگەڕێتەوە. دایکی هونەرمەند عەدلەخان، لەگەل ژنە هاورێکانیدا، لە بۆنە و شاییەکاندا، لاوک و حەیران و گۆرانی بە دەنگێکی پڕسۆزەوە گوتووە، محەممەدی منداڵیش هاوەلایەتی کردووە و هەر وەکو قوتابییەکی بلیمەت، سەرەتا و بنچینەیەکی هونەری پتەوی لەسەر دادەنێ. دوای شکستی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، محەممەد لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا لەگەل هاورێکانیدا دەگیرێ، بەلام لەبەر کەم تەمەنی لە سێدارە نادرێ و چوار سال لە زیندانی دیاربەکردا دەمێنێتەوە، دوایی بەهۆی لێبووردنی گشتی ساڵی ١٩٢٨ دا ئازاد دەکرێ. محەممەد عارف ماوەیەک بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆی، لە کۆلانەکانی جزیرەدا ئاوکێشی بۆ مالان دەکات، دواتر دێتە باشووری کوردستان و لە شاری دهۆک جێگیر دەبێ. دیسانەوە بۆ بژێوی ژیانی، دەست دەکاتەوە بەکاسبی و ماوەیەک بە گوندەکاندا دەگەڕێ و ئیشی خەتەنەی مندالان و ماوەیەکیش لەشاری دهۆک چێشخانە دادەنێ، لەگەل ئەوانەشدا کاری بازرگانی دەکات. بەلام لە هەمان کاتیشدا لەو دەڤەرەدا ناوبانگی هونەری پەیدا دەکات. محەممەد عارفی جزیری، بوێژ و لاوکبێژی دەنگ خۆش، لە نێوان سالانی ١٩٤٦ و ١٩٤٧ دا تیپێکی ئایینی مەولود خوێندن بەهاوکاری ڕەمەزان جەزراوی ء چەند کەسێکی تر پێک دەهێنێ و چالاکییەکانی ئەم تیپە، لەناوچەی کەرکوک ء دوزخورماتو و گەرمیاندا دەبێ. هەروەها لە چلەکاندا، لەکاتێکدا مالی ئەلماس محەممەد سترانبێژ دەبێ بە یانەیەکی رۆشنبیری و هونەریی ء چەندان هونەرمەندی وەک: عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، ڕەسول گەردی و حەسەن جزیری، جەمیل بەشیر، مریەم خان، نەسرین شیروان...تاد، ڕوویان تێکردووە، ئەمیش چووەو لەوێ ئاشنایەتی لەگەل ئەم هونەرمەندانەدا پەیدا کردووە، هەر لەم ڕێگەیەشەوە توانیویەتی بچێتە ڕادیۆی کوردی بەغدا، هەرچەند پێشتر گۆرانییە دووقۆلییەکەی لەگەڵ مریەم خان دا لە ئێزگە بلاوکرابۆوە، بەلام دواتر گەورەیی هونەرەکەی وادەکات کە کامیل کاکەمین بەرێوەبەری ئێزگە، بانگهێشتی بکات بۆ ڕادیۆ و هەفتانە نیو کاتژمێری بۆ تەرخان بکرێ، تاوەکو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ستران و لاوکی تێدا پێشکەش بکات بە بیسەران.

بەهۆی چەند سترانێکی تایبەت وەک بەفرباری و بابکۆ ڕێز و خۆشەویستی تایبەتی هەبووە لەلایەن هاوولاتیانی ئاشووری و ئەرمەنییەکانەوە. مامۆستا محەممەد عارف، دڵی پڕ لە جۆش و خرۆشی ئەوین بووە و عەشق و خۆشەویستی بەشێکی فراوان بووە لە ژیانیدا، دڵی کەوتۆتە سەر چەند ئافرەتێکی شۆخ و شەیدای چەند کیژێکی ئاشووری بووە بەناوی ئەلیزابێت، کریستینا و مونا، بەلام دواتر لە ساڵی ١٩٣٢ دا دڵی دەچێتە کچێکی جوولەمێرگیی و دەیخوازێ و دوو منداڵیان دەبێ.

محەممەد عارف جزیری هونەرمەندی بە توانا و ناوداری کورد ١٧ی دیسامبری ساڵی ١٩٨٦ بۆ هەمێشە ماڵئاوایی لە گەلی کورد کرد.

# شەست ودووهەمین ساڵوەگەری پەسند کرانی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و چەند وتەیەک

ن: ئازاد بانەیی



ئەمرۆ ڕۆژی ١٠ دێسامبر، ٦٢هەمین ساڵرۆژی پەسندکرانی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤە. ٦٢ ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژی وەک ئەمرۆ دا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بە زۆربەی دەنگ بڕیارنامەیەکی ٣٠ مادەیی پەسند کرد کە تێیدا باس لە پاراستی مافەکانی مرۆڤ لە گشت بوارە سیاسی، کولتوری، ئابوری، ڕەگەزی و تەنانەت ئایینیش دەکات. هەر لە برگەی یەکەمی ئەم بەیاننامەیە دا کە دەڵێ مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێت و دەبی بە ئازادیش بژی تا دەگاتە خاڵی ٣٠هەمینی، گەشت ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە گەشت وڵاتانی جیهان دەستبەر کراوە و وەک ئەرکێک بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی کە واژووی ئەو بەیاننامەیان کردووە دیاری دەکات کە دەبی بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بۆ جیبەجی کردن و پاراستنی بەند و برگەکانی ئەو بەیاننامەیە بدەن.

بە داخەوە لە ماوەی ئەو ٦٢ ساڵە زۆر لە وڵاتانی جیهان بە جۆرێک خۆیان لە جێ بەجی کردنی برگەکانی دزیوەتە و تەنانەت پێشێلیان کردووە. یەکێک لەو حکومەتانەی کە ژێر ئەو بەیاننامەیەی واژوو کردووە، ئێرانە.

هەر ئێستا و لە ٦٢هەمین ساڵەوەگەڕی دەرچوونی ئەو بەیاننامەیە دا سەدان هەزار لە ئازادی خوازانی وڵات لە گشت نەتەوە و ئایین ژا جیاوازەکانی ئەو وڵاتە لە لایەن کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە دەستبەسەر کراو، ئەشکەنجە و ئازار دەدرێن و تەنانەت سزای ئێعدام و سێدارەیان بە سەر دا دەسەپێندرێت. لەو نێوانە دا گەلی کورد کە بە گەورەترین نەتەوەی بێ وڵاتی ئەم جیهانە دیتە ئەژمار، هەموو کات لە لایەن وڵاتانی داگیرکەری تورکیە، ئیران، عێراق و سوریەوە بە هەموو شێوەیەک مافەکانی پێشیل کراوە. خاکی داگیر کراوە، ڕۆڵەکانی گیراون و لە سێدارە دراون و تەنانەت زمانی دایکی و جل و بەرگی خۆی لێ قەدەغە. ڕێگەی گشت چالاکییەکی کولتووری و چاندی لێ گیراوە و نەیانهێشتووە کە تەنانەت ناوی منداڵەکانیش بە دڵخوازی دایک و باوکان بوویێت.

ئێمە لە کاتێکدا یادی ٦٢ ساڵەی پەسند کردنی جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دەکەینەوە کە هەر ئێستا دەیان تێکۆشەر و ئازادی خوازی کورد لە چاڵە ڕەشەکانی ڕژیمی ئێراندا لە ژێر توندترین گوشار و ئەشکەنجەی جەلادەکانی ئەو حکومەتە ئیسلامییە کۆنەپەرستە دان. سەدان تێکۆشەر بواری مافەکانی مرۆڤ، سەدان ژنی چالاکوانی مافەکانی ژن و دەیان ڕۆژنامەنووس و نوسەر و ئەدیب و شانۆگەری کورد بەربە چالاکییەکانیان گیراوە و دەستبەسەر کراون. ئێمە لە کاتێکدا یادی پەسند کردنی ئەو بڕیارنامە گرینگە مێژوویی بەرز رادەگرین کە سەدان کرێکاری ماف خواز، سەدان کەس لە ئایین و ئۆلە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە لایەن ئەو ڕژیمە نگریسەوە دەستبەسەرن.

گەلی کورد لە ڕیزی ئەو گەلانە دایە کە لە دێرزەمانەوە لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری دوژمنانی دا دەناڵێنێت و سەدان پیلان و بڕیاری پەسند کراوی وەک ئەنفال و شیمیایی باران و قەتڵی بە کۆمەڵی لە دژ دراوە و لەسەر تاقی کراوەتەوە.

لەو پەسندکراوە گرینگە نێودەوڵەتییە دا و لە چوارچێوەی ٣٠ خاڵ دا، باس لە گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤ کراوە. لە خاڵەکانی ٣ هەتا ٢١ی ئەو بەیاننامەیە دا باس لە ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی مرۆڤەکان دەکات بە بێ جیاوازی ئایینی، ڕەگەزی، ڕەنگ و زمان و تێیدا هاتوو: هەر مرۆڤێک ئازادە کە چ بیروباوەڕێکی سیاسی بۆ خۆی هەڵبژێرێت و لە کام کۆمەڵە و کۆڕ و ڕێکخراو دا ئەندام بێت. یان دەڵێ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ سەربەستن بۆ پێک هێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و دەبێ حکومەتەکانیان ڕێز لە بیروباوڕیان بگرن و کێشە نەخەنە بەردەم پێکهاتنی ئەو ڕێکخراوە سیاسی و سنفی و کۆمەڵایەتییانە.

لە برگەی ٢٢ تا ٢٧ باس لە ئازادییە فەهەنگی، کولتوری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات بە بێ جیاوازی. بە گویرەی ئەو خاڵانە هەر مرۆڤێک ئازادە بۆ پێک هێنانی کۆڕ و کۆمەڵی چاندی و کولتوری، خوێندن و نوسین بە زمانی زگماکی و پۆشینی جل و بەرگی خۆی. هەر مرۆڤێک ئازادە لە کوێی ئەم جیهانە پێی خۆش بێت ژیانێکی شەرافەتمەندانە بە پێی یاسا و ڕێسا جیهانییەکان تێپەڕ بکات و کەس مافی ئەوەی نیە کە ئازادی ژیان لەوی دیکە زەوت بکات. مرۆڤەکان ئازادن لە خوێندن و نوسین بە زمانی خۆیان و دەبێ ئەو هەلە بۆ گشت تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە بڕەخسێت کە بتوانێ بە ئازای ڕای خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دا دەرببڕێت، بێ ئەوە تووشی هیچ چەشنە لێپرسینەوەیەک ببێت.



جگە لەو بەیاننامەیە و دوابەدوای ئەوە دەیان بەیاننامەی دیکە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ پارێزگاری لە مافی مرۆڤەکان پەسند کراوە کە جێی خۆیەتی لەم ڕۆژە دا ئاماژەیەکیان پێ بکەین.

١- ڕێکەتننامەی ژنێف کە تایبەتە بە مافی کۆجبەرییەوە

٢- ڕێکەوتننامەی پاراستنی مافی منداڵان.

٣- ڕێکەوتننامەی پاراستنی مافی ژنان و ڕێگرتن لە عەزیەت و ئازاری ڕەگەزی.

٤- بڕیارنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دژ بە ئەشکەنجە.

٥- بڕیارنامەی پاراستی مافی کرێکارانی کۆچبەر لە وڵاتانی دیکە و ماڵ و خێزانەکانیان.

٦- ڕێکەوتننامەی جیهانی دژ بە پاکتاوی نەتەوەیی و ڕەگەزی و جینۆساید.

٧- ڕێکەوتننامەی لێپرسینەوە، گەڕان و دۆزینەوە و سزادانی تاوانبارانی شەڕ و مرۆڤایەتی.

ئەوە جگە لە دەیان بڕیار و پەسند کراوی دیکەی ڕێکخراوی وڵاتان، کە لەماوی زیاتر لە نیو سەدە پاش پەسند کرانی جاڕنامەی گەردوونی مافەکان ی مرۆ ڤ لە لایەن ئەو ڕێکخراوەیەوە هاتوونە گۆڕێ. سەیر لەوە دایە کە سەرەڕای بوونی ئەو هەموو پەسند کراوە و بڕیارنامە گرینگە دان پێدانراوە نێودەوڵەتییە، هێشتا گەلی بەشخوراوی کورد لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی لە ٣ پارچەی داگیرکراوی وڵاتەکەی دا بێبەشە و منداڵانی کورد مافی خوێندن و نووسین و قسەکردنیان بە زمانی دایکی خۆیان لێ قەدەغە کراوە. هێشتا بەشێکی بەرچاوی مرۆڤی کورد لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی حیزبی بەعسی فاشیستی سوریە دا خاوەنی هیچ چەشنە ناسنامەیەکی فەرمی نین و وەک مرۆڤی پلە ٣ و ٤ سەیریان دەکرێت. لە باکووری کورستان دا هێشتا کورد وەک مرۆڤ سەیری ناکرێت و تەنانەت لە مافی قسە کردن بە زمانی دایکی بێ بەشە.

جێ خۆیەتی لەم ڕۆژە مێژووییە دا سڵاو بنێرین بۆ هەموو ئەو خەباتگێرە کوردانەی کە بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو بۆ بەدەست هێنانی مافی ڕەوای گەلەکەیان لە هیچ قوربانی دان و لە خۆبووردوییەک درێغیان نەکردووە. سڵاو بنێرین بۆ ئەو شێرە ژن و پیاوانەی کە هەر ئێستا لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری جەلادە داگیرکەرەکانی کوردستان دان و لە بەندیخانە دا ژیانی خۆیان تێپەڕ دەکەن. سڵاو بنێرین بۆ ئەوە هەزاران شۆڕشگێڕەی کە بۆ بە ئاکام گەیاندنی داوا ڕەواکانی گەلەکەیان و بە دەست هێنانی ئازادی و دێمۆکڕاسی دەستیان لە هەموو شتکێ ژیانیان هەڵگرتووە و ڕێگای ڕزگاری نەتەوەکەیان گرتووەتە بەر.

دڵنیان کە ڕۆژێک دا دێت خۆری سەربەستی و ئازادی لە ئاسۆی گەلی بەش مەینەتی کوردیشەوە هەڵدێت و وەک چۆن هەر ئێستا لە سایەی خوێنی شەهیدانی گەل و زەحمەت و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی کوردەوە، لە باشووری کوردستان کورد خۆی فەرمانڕەوایی خۆی دەکات، ئاوا حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی لە هەرچوار پارچەی کوردستان دەسەڵات دەگرێتە دەست و دەبێتە بنیات نەر و پارێزەری ئازادی و دێمۆکراسی گەلەکەمان

سڵاو لە شەهیدانی ڕێگەی ئازاد و دیموکراسی

بڕوخی ڕژیمی دیکتاتۆر و دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامی ئێران.

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

سەچاوە : حدک میدیا

# کورتە ژیانی محەممەد ئەمینی موعینی وەزیری ناوخۆی کۆماری کوردستان

## ١٩١٠ - ١٩٩١



محەمەد ئەمین کوڕی حاجی عەبدوڵڵا، کوڕی موعینودەولە، کوڕی حاجی عەبدوڵلا، کوڕی حاجی سە عید، کوڕی حاجی محەمەد ئەمین، کوڕی حاجی عەبدوڵلا، کوڕی حاجی سە عید،کوڕی موعین، کوڕی حاجی مەولانا، لە ساڵی١٩١٠ی زایینی(١٢٨٨ی هەتاوی) لە شاری سابڵاغ لەدایکبووە. تەمەنی پێنج ساڵان دەبێت کە باوکی لە نزیک ماوەت، دەکوژرێت. قۆناغی منداڵی و لاوێتیی ئەو بە دەستکورتی تێدەپەڕێت. دوای چەندێک دەکەوێتە بواری بازرگانی و سەرو سامانێک پێکەوەدەنێت. ساڵی ١٩٣١ ز (١٣١٠ هەتاوی) دەگەڵ خاتوو «زارا قادری» خێزان پێکەوەدەنێن. پاش ساڵێک کوڕێکیان دەبێت و ناوی «سولەیمان»ی لێدەنێن. دوای سولەیمان، سێ کچیان بە دوای یەکتردا دەبێت بە ناوەکانی: «فاتمە، پەریزاد و ئامین». دوای سێ کچەکان کوڕێکی تریان دەبێت کە ناوی دەنێن «سەعید»، کە زیاتر بە »خانە»ی بانگدەکەن.

محەمەد ئەمین لە سەفەر بۆ تەورێز و بەردەوامبوونی لە کاری بازرگانی دا، ساڵی ١٩٤٢ لە شاری تەورێز، دووەمین هاوسەری خۆی هەڵدەبژێرێت کە خاتوو «زەری خانمی» تەورێزی دەبێ. لەو خانمەیش چوار کوڕ و سێ کچی دەبێ بەناوەکانی: «عەبدوڵلا، جەعفەر، نەوید، مستەفا، سورەییا، ڕەعنا، فەریبا».

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، بەهۆی ناسراویی کەسایەتیی ئەو لە کۆمەڵگای کوردستانی ئەو سەردەمەدا و هەروەها چالاکی سیاسی، لە کابینەی حکومەتی کۆماری کوردستاندا پلەی وەزیری ناوخۆی کوردستانی پێدەدرێت و لە پەیوەندییەکانی دیپلۆماسی حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان و ڕوسەکان، بەڕێوەبەرایەتیی کاری میوانداری و پێڕاگەیشتن وەئەستۆ دەگرێت. لە ڕاستیدا قورسایی پێڕاگەیشتنی میوانانی دەرەکی دەکەوێتە سەرشانی بنەماڵەی ئەو. لەم پەیوەندییەشدا ئەرکی سەرشان و خزمەت بە کوردستان کردنی خێزانی میرزا محەمەد ئەمین، واتە زاراخانمی خێزانی لە هی مێردەکەی نامێنێتەوە و دەکرێ بگوترێ ئەو شێرەژنە چەشنی پێشمەرگەیەکی ماندوونەناس بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی سەر شان تێکۆشاوە.

کاری میوانداریی بنەماڵەی موعینی وەک ئەڤینێکی ڕاستەقینە بووە بۆ کوردستان. چونکە لە بری میوانداڕێتی و خزمەت بە دیپلۆماتەکانی ئازەر و ڕووس، هەر نەک هەرگیز هیچ جیرە و پاداشێکی لە حکومەتی کوردستان وەرنەگرتووە، بەڵکە لە باری ئابوورییەوە یارمەتیدەری حکومەتی کوردستانیش بووە. میرزا محەمەد ئەمین خۆی گوتەنی، بۆ بەرەوپێشبردنی کار و باری وڵات و بۆ خزمەت بە کوردستان و گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی، خۆی و بنەماڵەکەی هەموو هەنگاوێکی پێویستیان هەڵێناوەتەوە بەبێ چاوەڕوانیی باری مادی. ئەوەی کە لە حکومەتی کوردستان وەری گرتووە، تەنیا یەک «تمەن»ی کاغەزی بووە کە لە دەستی پێشەوای وەرگرتووە و لە هەموو تەمەنی دواییشیدا ئەو تاک «تمەن»ەی پاراستووە. جار جاریش بە شانازییەوە ئەو تاک تمەنەی بە ماڵ و منداڵەکانی نیشانداوە و فەخری پێوە کردووە. گەلێک جاران خۆی بە ژن و منداڵانی خۆی گوتووە کە ئەو تمەنە لە هەموو گەنج و سامانی دنیا بەرزترە و وەک متفەڕک و بەرەکەتێکی پیرۆز بەلای منەوە هەر دەبێ بمێنێت، چونکە ئەوە پاداشی خزمەتەی خۆمە و یادگاری دەستی پێشەوای نەمرمانە.

لە دانیشتنەکانی خۆماڵیدا گەلێک جار بە منداڵەکانی دەگوت:

«ڕۆڵەکانم! هەتا لە دەستتان دێت و دەتوانن، بەبێ چاوەڕوانی لە مزی و موچەخۆری، خزمەت بە وڵاتەکەتان بکەن و هەردەمیش هەوڵبدەن گەل و وڵاتەکەتان پێشکەوێ و ئەوەندەی لە دەستتان دێت لە دووبەرەکیی خۆ بپارێزن. پێشکەوتووتن و یەکگرتنی خەڵک، سەربەستی و سەربەخۆیی وەدیدێنێ. ئەمەش بزانن کە دوژمنانتان فێڵبازن و لە نەزانی ئێوە کەڵک وەردەگرن بۆ گوراندنی دوژمنایەتیی ناوخۆ و پێکەوە بەشەڕدانتان ...».

محەمەد ئەمین موعینی لە سەرەتای گەنجی و لاوییدا تێکەڵ بە چالاکیی کۆمەڵەی (ژ. ک) دەبێت و بەپێی گوتەی خۆی و باسکردنی زانایی «حوسێنێ زێڕینگەران»، دەبێ لە ژێر کارێگەریی ئەو کەسایەتییەوە ڕاکێشرابێتە نێو هەڵسووڕانی سیاسیەوە.

دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان، محەمەد ئەمین موعینی وەک زۆربەی لێپرسراوان و کاربەدەستانی کۆمار، بۆ ڕاگرتنی یادگارەکانی کۆمار و بۆ پاراستنی گیان، خۆ حەشاردەدەن، بەڵام بە بیستنی لە سێدارەدانی پێشەوا و ڕابەرەکانی دیکەی کۆمار، لە پەناگا دێنەدەر و بوێرانە دەچنەوە ماڵ. ڕژێمی پاشایەتی هەموو بگێڕان و کاربەدەستانی کۆمار دەگرێت و زۆربە یان حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەردەچێت. بەڵام چونکە ئەوان گەندەڵیی حکومەتی ئێرانیان لەمێژ بوو ناسیبوو، بە ڕازی کردنی کاربەدەستانی حکومەتی ئێران و دانی پارە و بەرتیل، حوکمی لەسێدارەدانیان شکاند و کەوتنە بەندیخانە و بە زیندانیی هەتا مردن مەحکوم کران. محەمەد ئەمین موعینی سێ ساڵ لە بەندیخانەکانی مەهاباد، ورمێ و تەورێزدا مایەوە و دواییش بۆ شاری شیراز دوور خرایەوە. دیسان توانی ئەو حوکمەش بکرێتەوە و لە بری چوونی بۆ شیراز، لە تاران نیشتەجێبوو. لە تاران دوکانێکی کوتاڵفرۆشتنی کردەوە، بەڵام بەهۆی تاسەی زاراخانم و ئارەزووی منداڵەکانیان بۆ گەڕانەوە، ناچار لە ساڵی ١٩٥٠دا گەڕانەوە مەهاباد. لەوێ بۆ وەدەستهێنانی بژێوی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵانی، دەستی بە کار کردەوە، بەڵام هەمیشە لەژێر چاودێریی کاربەدەستانی حکومەتی حەمە ڕەزاشادا بووە. بە گوتەی خۆی، هەتا کەمێک بار و دۆخی سیاسی تووشی نالەباری دەهات، ئەو یەکەم کەس بووە کە کەوتوەتە ژێر چاودێری و جار جاریش کەوتوەتەوە بەندیخانە.

ساڵی ١٩٧٨ کاتێک ڕژێمی حەمە ڕەزاشا بەرەو ڕوخان و مەرگ دەچوو. محەمەد ئەمینی موعینی ئەگەرچی پیاوێکی بە جەرگ و بوێر و دڵگەرم بە شۆڕش بوو، بەڵام زۆرجاران بە کوڕان و کچانی دەور و بەری دەگوت کە چەک و چۆڵ و شەڕ و نا ئارامی، سەرکەوتن بە گەل نابەخشێت، بەڵکو شێوەکاری شۆڕشگێران لەم سەردەمەدا دەبێ لە ڕێگای بەرزکردنەوەی پلەی ڕامیاری و زانیاری فەرهەنگیی کۆمەڵگا بێت. تەنانەت زۆرجاران دەیگوت: «ئێمەی کورد دەبێ بە دۆست و دوژمن ڕابگەیەنین و پێیان ئیسبات بکەین کە کورد نەتەوەیەکی ئاشتیخواز و ئازادیخوازە و بەرابەریی مافی هەموو گەلان ستراتیژیی خەباتەکەیەتی».

محەمەد ئەمین موعینی لە ڕۆژی چوارشەممە ١٩٩١/١٢/٢٥ (١٣٧٠/١٠/٤هەتاوی) ماڵاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی کرد و ئاواتی وەدی نەهاتووی بردە ژێر گڵ.



سەعید(خانە) موعینی



سولەیمان موعینی



عەبدوڵلا موعینی

سەرچاوە : ماڵپەری بنەماڵەی موعینەکان

# کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان

**بەشی هەشتەم و کۆتایی**

**بەشی یازدەهەم: "ئاکامی گشتیی مەسەلەی کورد"**

**٢- کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا**

**نووسینی: حوسێن مەدەنی**

لەو نێوەدا هەرچەند شۆڕشی بارزانی بۆ کوردان وەکوو چرایەکی ڕزگاریدەری نەتەوەیی لە درەوشینەوە دابوو،بەڵام دوو بەرداشی زلهێزی شەرق و غەرب لە هەر دوولا ڕا دەیان هاری، سۆڤیەت لەبەر عێراق و وڵاتانی رادیکاڵی عەرەب،"مەلا مستەفا"ی لە خۆی تەکاند بۆوە،ڕۆژئاوا و شای ئێرانیش کاتێک لە ڕێگای گفت پێدان و دانی یارمەتیی ماڵی بە بارزانی پەلیان بۆ ناو شۆڕش هاویشت، ئەوجار کوردستانی عێراقیان کردە میکانیزمێک بۆ تەنگاو کردنی دەوڵەتی عێراق و شڵ کردنەوە و فەشاڵ پێ هێنانی برشتی سیاسەتی ستراتیژیکیی دەوڵەتی سۆڤیەت لە ناو وڵاتانی کەنداو دا.سەرئەنجام سناریۆی سات و سەوداکانی بە مۆر کرانی ڕێککەوتننامەی "ئەلجەزیرە"لە نێوان دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق لە مارسی ١٩٧٥ دا سەری گرت.دەوڵەتی ئەمریکا و شای ئێران بە ئاواتەکانیان گەیشتن.شۆڕشی کوردستانی عێراق سەری تێدا چوو. نە "جرالد فۆرد" و نە "هنری کسینجر" وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هیچکامیان بە هانای بارزانی و دەیان هەزار کوردی ئاوارەوە نەچوون. دەوڵەتی ئەمریکاش لە ئاست خەیانەتی ئاشکرای حەمە ڕەزاشا بە کوردان چاوی نوقاند.




"ویلیام سافیر" ڕۆژنامە نووسی ئەمریکایی لە فیوریەی ١٩٧۶ دا لەژێر دەردێری "خەیانەتی گەورە بە کوردان" کسینجر و جرالد فۆردی مەحکووم کرد و نووسی :

ئەگەر سەرۆک کۆمار دەیەوێ لە خیانەتەی بە کوردان کرا،شا بە تاوانبار بناسێ مەیلی خۆیەتی،بەڵام مادام بیەوی پاکانە بۆ کردەوە چەوت و دژە ئەخلاقی یەکەی ئەمریکا بکا، واباشترە ئەو موشاویرەی کە هێندە لەسەر بەڕێوەچوونی ئەو کارە پێی دادەگرت[مەبەست کسینجرە] هەڵپەسێردرێ. "ئەدموند قەریب" ڕۆژنامە نووسێکی دیکە دەڵێ :

بارزانی متمانەی بە شا نەبوو.پێی وابوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتی بەرنادا. هێچ نەبێ لایەنگرەکانی دەپارێزی،کاتێک لە سپتامبری ١٩٧۶ دا لەسەر ئەم مەسەلەیە پرسیارم لە بارزانی کرد،دەسبەجێ گوتی " ئێمە بەو بەڵێنیەی ئەمریکا پێمانی دابوو پشت ئەستوور بوین،ئەگینا قەتمان بروا بە شا نەبوو. بەبێ گفتی ئەمریکا هەنگاوێکی لێ نزیک نەدەبووینەوە" .

"مەلا مستەفا بارزانی" ماوەیەک پێش لە فەوتی لە وەڵامی ئەو پرسیارە دا؛ هەڵەی گەورەی چ بوو؟! دەق و دۆغری مەبەستەکە دەپێکێ و دەڵێ: مەتمانەم بە دەوڵەتی ئەمریکا هەبوو، ئەمیش خەیانەتی پێ کردین" . (تاریخ سیاسی بیست و پنج ساله ایران،از کودتا تا انقلاب، تالیف سرهنگ غلامرضانجاتی،لاپەڕەی ٣٢۶)

لە قۆناخی شەڕی سارد دا، دەیان وڵاتی بێ نەتەوەی ئاسیا و ئەفریقا ئاڵای سەربەخۆیی یان هەڵکرد و دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراند، بەڵام ئەگەر جار و باریش بە هەڵکەوت فایلی کوردەکانیان لە نێو ئارشیوی تۆزاوی دینا دەر، بۆ ئەوە بوو وەکوو دەسکەلایەک یاری پێ بکەن. ژێنوساید، سرینەوەی ناوی کورد، بێ ناو نیشان کردنیان... بەرهەمی دژایەتی بە ژێئۆستراتیژی یەکان بوو.

## گورانی ژێئۆستراتێژی

هەرەس هێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت و کەمپی سوسیالیستی لە جیهان دا، کێشە و ململانیی نێوان دوو ژێئۆستراتێژیی "هارت لەند"و"ریم لەند"ی هێور کردەوە. جیهانی دوو قوتبی لەئارادا نەما. ئەمریکا بوو بە تاقە زلهێزی ئەم جیهانە.

کۆمارەکانی قزقیزستان،قەزاقستان،ئۆزبەکستان،تاجیکستان و تورکمەنستان لە ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر و، کۆمارەکانی ئازەربایجان،گورجستان،هەرمەنستان لە ڕۆژئاوای ئەم دەریایە لە ژێر سوڵتەی سۆڤیەت هاتنەدەر.بەو گۆرانکاری یە، ژێئۆستراتێژیی"هارت لەند" بە هۆی لەدەست دانی وڵاتانی ئاسیای میانە و شوینە ستراتێژی یەکانی قەفقاز تێک رووخا.

دۆزینەوەی سەرچاوەی تازەی نەوت و گاز لە ئاسیای میانەدا کە بە دووهەمین مەیدانی نەوت و گازی جیهان مەزەندە کراوە و سەرمایەگوزاریی کومپانیا نەوتی یەکانی ئەمریکا لە مەیدانی نەوتی ئاسیای میانە و مەڵبەندی خەزەردا. سنووری هەریمی "ریم لەند"یان لەبن گورچووی مەڵبەندی "هارت لەند"شین کردەوە. بەو گۆرانکاری یە کەنداوی فارس وەک ناوچەیەکی ژێئۆستراتێژیکیی تاقانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دا گرینگیی رابردووی لەدەست دا.لە بەرامبەر دا ڕۆژهەڵاتی دەریای مەدیتەرانە کیانێکی تازەی پێ بەخشرا.

## کەنداوی فارس و گیرو گرفتەکانی

کەنداوی فارس لە بواری نرخی ئابووری هێڵی پێوەندیی فەرهەنگی و ستراتێژیکی یەوە هەمیشە ناوەندی چاوەنەزێران و تێکەوەگلانی هێزە مەزنەکانی ئەم جیهانە بووە. هەرکات ئاڵوگۆڕێک لە وڵاتێکی کەنداو دا رووی دابێ و لەنگەری نێوان هێزەکانی شێواندبێ، دژ کردەوەی سیاسی، ئابووری،نیزامی یەکان نەک هەر وەزعی ئاسایی ناوچەکە، بەڵکوو وڵاتانی جیهانیشیان شێواندوە.

هەتا ئێستاش کەنداوی فارس بە پرپیت ترین ئەنباری نەوتی دنیا ناسراوە.تئسیری راستەوخۆی لەسەر شل و خێرا سوورانی چەرخی ئابووری دنیا بەتایبەت دنیای سەنعەت دا هەیە.پاشەکەوتی نەوتی کەنداوی فارسیان لە ساڵی ١٩٨٨ دابە هەزار و ۶۵۵ میلیون بۆشکە مەزەندە کردەوە،ئەویش دەکاتە نیزیکەی ۶۵/۵%ی پاشەکەوتی نەوتی هەموو دنیا. ئەو نەوتەی لە جیهان دا هەڵ دینجری،٢١%ی هی مەڵبەندی کەنداوی فارس بووە. پاشکەوتی لە ساڵی ١٩٨٧ دا بە١٧/ ٣١٠١٠میلیارد میتری موکەعەب مەزەندە کراوە.ئەم میزانەش مەسرەفی سەدان ساڵەی وڵاتان دابین دەکا.(عزتی عزت الله، جغرافیای نظامی ایران.دانشکده افسری ایران تهران ١٣۶۶،لاپەری ١۴۴ )

نەوت کیشەکان بۆ بارکردن و راگوستنی نەوتی کەنداوی فارس بۆ وڵاتانی سەنعەتی ڕۆژئاوا، دەرووە ستراتێژی یەکانی "هورمز"" بابولمەندەب"و سوئێز". وڵاتانی میحوەری ئەو رێچکە دەریاییە بەهۆی کێشە ئایینی و ناکۆکی یە قەومی – فەرهەنگی یەکانیان و حاکمییەتی نیزانی چەند لایەنەیان و فرە دەوڵەمەندیی هێندێکیان و فرە فەقیریی بەشێکی تریان و هەروەها کاریگەریی سیاسی – نیزامی زلهێزەکان لە سەرانسەری نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم دا،وڵاتاتی جیهانی سێهەمیان تووشی قۆرتی زۆر چەتوونی سیاسی،نیزامی،ئابووری کرد.شەڕ و کێشەی بەردەوامی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەب، شۆڕشی ئێران و حاکمییەتی بونیادگەرایانەی کۆماری ئیسلامیی، شەڕی ئێران و عێراق، بەدوای ئەویشدا شەڕی کەنداو،چەند جاران دنیایان تا هەڵدێرگەی شەڕی جیهانی برد.

کاتێک ساڵی ١٩٩٠ی زایینی دا شەڕی کەنداو قەوما،ئەمریکا و ڕۆژئاوا هەستیان کرد سامانی نەوتی کەنداو، بە تایبەتی هی "کویت" و عەرەبستانی سعوودی لە خەتر کەوتووە.لە لایەن وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و جیهانی سێهەم و وڵاتە عەرەبی یەکان و لە ژێر رێبەری ئەمریکا هێرشێکی گشتی بۆ سەر کەنداوی فارس دەست پێکرا.لەو گەلەکۆمەگی یەدا چەند شت دەبینرا؛ یەکەمیان، هێزەکان تێکەڵاو بوون لە هێزی نیزامی ٧ وڵاتی موسوڵمان، ١۶ وڵاتی ڕۆژئاوا و دوو وڵاتی ڕۆژهەڵات.دووهەمیان ئەو هێزانە لە چوار قورنەی دنیا ڕا بۆ ناوچەکە هاتبوون. سێهەم، هێزی زەمینی و هێزی دەریایی پێکەوە تەخشیان دەگێرا.چوارەم، هەرچی هێزی سەربازی و کەشتیی چەنگی و فرۆکە و تانگ و تۆپ و چەک و کەرەسەی شەڕ بوو.لە ڕێگای دەرووی هورمزەوە بۆ کەنداوی فارس دەنێردران. پێنجەم،زۆر

سەرچاوە Serchawe

بوونی رادەی بەشدار بوون لەو شەرەش دا جێی لێ وردبوونەوەیە، چۆنکە تا ئەو کاتیش لە جیهان دا بە دەگمەن بینرابوو، لە قەیرانێکی ناوچەیی دا ٢٤ وڵاتی دنیا بێجگە لەو دەوڵەتانەی بە پارە یارمەتیی گەلەکۆمەگیەکەیان دەدا وەکوو ئاڵمان و ژاپۆن و ... بە گەورە و بچووک خۆیان لە شەرێکی وا وەردابێ.ئەمەش لە خۆی دا ئەوە دەسەلمێنێ کە کەنداوی فارس و دەرووی هورمز بۆ دنیای ئەمرۆ چەند بەبایەخ و گرینگن؟!(بروانە کتیبی"خلیج فارس و استراتژیک تنگە هرمز"،لاپەرەی ٤٣٩)

ئەمریکا لەحالی حازریش دا بە حوکمی دەیان پایگای هەوایی – دەریایی لە دیگوگارسیا و عومان و عەرەبستانی سعوودی و بەحرین و پاکستان و ئیسرائیل و سومالی و کینیا و جیبوتی و جەزیرەی رینونیون و پایەگای ئینجرلیک لە تورکیا ( خلیج فارس و استراتژیک تنگە هرمز"،لاپەرەی٤٥٩،٤٥٨و٤٦٠)داو سەرفی ساڵانە دەیان میلیارد دولار، توانیویەتی ئەمییەتی هێڵی نەوت کێشەکانی کەنداوی فارس بپارێزێ.بێجگە لەمانەش هەروەک دیتمان لە شەرِی "کویت" دا هێزەکانی ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا لە ئیمکاناتی بەندەری و فرۆکەخانەی وڵاتانی دۆستی ئەندام لە شوورای هاوکاریی کەنداویش دا، کەڵکیان وەردەگرت.

لەسەریەک هەر رووداویک لە کەنداوی فارس دا بقەومێ، تەواو وەزعی ئابووری ئەمریکا دەشیوێنێ. وەزیری خەزانەداریی ئەمریکا دوای قەیرانی "کویت" رای گەیاند:"قەیرانی کەنداوی فارس دەتوانێ هەڵدانی ئابووریی ئەمریکا بگەیەنێتە نیزیک سیفر".(رۆژنامەی کیهان ١٣٦٩/٩/٢٥ ، لاپەرەی ١٨)

## ئەمریکا و ستراتێژیی نوێ

هەڵکشانی سنووری"ریم لەند" بۆ ئاسیای میانە و رۆژهەلاتی ئورووپا ئەو ئیتمینانەی بە کومپانیا نەوتی یەکانی ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا دا بۆ دۆزینەوەی نەوت و گاز لە حەوزەی خەزەر دا سەرمایەگوزاریی درێژخایەن بکەن.پسپۆران و زەوی ناسان وایان مەزەندە کردوە سامانی نەوت و گازی ئاسیای میانە، دوای کەنداوی فارس لە هی هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە پترە.سێ رەقیبی گەورەی ناوچەکە - رووسیا،ئێران و تورکیا – دەیانەوێ لەو گۆرانکاری بە ستراتێژیکی یەدا بەرژەوەندی ئابووری – سیاسی درێژخایەن بۆ وڵاتەکانیان دەستەبەر بکەن.

رووسیا ئێستاش نفووزیکی زۆری بەسەر کۆمارەکانی ئاسیای نێوەراست و قەفقازەوە هەیە. هەڵکەوتی جوغرافیایی و وەزعییەتی ئابووری و نیزامیی ئەو وڵاتانە،ئەوە هەڵناگرێ یەک دا بە دوو خۆیان لە وڵاتی رووسیا بپچرێننەوە. سیاسەتی ئابووری کۆمارەکانی قەفقاز و ئاسیای نێوەراست بەرامبەر بە وڵاتانی هەریم و رۆژئاوا و ئەمریکا و پرۆژەی سەرمایە گوزاریی کومپانیا نەوتی یەکان لەسەر دیاری کردنی شوێنی خەتی لوولەی نەوت و گازی مەڵبەندی خەزەر بۆ بازارەکانی دەرەوە و سیاسەتی ستراتێژیکیی ئەمریکا لەو پێوەندی یەدا بە مانای لە سەنگ و بەردنانی ئابووری وڵاتی رووسیایە.دەوڵەتی رووس لە سیاسەتی نێونەتەوەیی و مانۆردانی سیاسی دا خاوەن ئەزموونێکی زۆرە. ئێستا دەزانی لە هێزو دەسەلات دا ئەوە نیە،وەکوو رابردوو خۆی لە قەرەی ئەمریکا بدا، بۆیە زۆر نەرم و هێدی دەجووڵێتەوە. وێرای ئەوەی هەوڵ دەدا ئەمریکا لە خۆی نەتۆرێنێ،ئەوەش بە ئەمریکا بڵێ باشترین و نەمنترین شوێن بۆ راگوێزانی نەوت و گازی حەوزەی خەزەر بۆ بازارەکانی دەرەوە ئەو خەتە لوولەیە کەبە خاکی رووسیا دا دەچێتە سەر دەریای رەش.

ئەمریکا و رۆژئاوا بە زۆر دەلیلان موافیقی نەزەری رووسەکان نین، راستە تێزی "هارت لەند" تێک شکاوە و یەکیەتیی سۆڤیەت لەبەریەک هەڵوەشاوە، بەلام هەر ئێستاش رووسیا لە باری خاکەوە گەورەترین وڵاتی دنیایە، لە بواری چەکی ستراتێژیکی شەرەوە دوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهێزترین وڵاتە. لە روانگەی ئەمریکا و رۆژئاواوە بەسرانەوەی وڵاتانی ئاسیای ناوەراست و قەفقاز بە رووسیا هەمیشە ئەو مەترسی یەی لێ چاوەروان دەکری، ئیمپراتۆریی یەکیەتیی سۆڤیەت لە قالبێکی دیکە دا و بە نێوێکی دیکە سەرلەنوێ سەرهەڵ بداتەوە.

جارێکی دیکەش وەکوو یەکەم حەریفی ئەمریکا بگەرێتەوە نێو مەیدان. بێجگە لەوەش شەرِی چێچانستان شوێنی راگواستنی نەوت و گازی ناوچەی خەزەری لە رێگای بۆری یەوە زۆر نائەمن کردەوە.هیچ تەزمینی ئەوەش ناکرێ وەزعی ناوچەکە لە داهاتوو دا هێور ببێتەوە. بێ ئەمانەش خودی تورکیا کۆسپی هەرە گەورەی سەر رێگای ستراتێژیی خەزەر – دەریای رەشە. رووسیا قەت ناتوانی هاتووچۆی ئاسیای پاپۆرە نەوت هەڵگرەکان لە دەریای رەش را بۆ دەریای مەدیتەرانە لەسەر خۆی مەختە بکا.چونکە دەوڵەتی تورکیا نایەڵێ دەرووەکانی "بوسفۆر" و "داردلێل"لەوە زیاتر بارگرانیان بکەوێتە سەر و ئاو و هەوای شاری میترۆپۆلی دە میلیون کەسی ئیسامبۆلیان لێ پیستر بکا.بۆیە ئەگەری شکستی ستراتێژیی خەزەر – دەریای رەش هەر لە ئێستاوە چاوەروان دەکرێ.

تێک خستنەوەی نەوت و گازی حەوزەی خەزەر و کەنداوی فارس لە مەسلەحەتی سیاسەتی درێژخایەنی دەوڵەتی ئێران دایە.بێتوو ئەم ستراتێژی یە جێ بگرێ، لەو نێوە دا ئەوە ئێرانە لە هەموان پتر قازانجی پێ دەبرێ. دوای ئێران "نیمکرە شرقی "بەتایبەتی وڵاتانی باشووری رۆژهەلاتی "ئاسیا"و"ژاپۆن"و"ئۆسترالیا"لە بواری دابین کردنی ئێنیرژیی نەوت و گازەوە کاریان هاسانتر دەبێ.لەو بەینەدا ئەوەی خاوەن مەتڵەبە، وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکان.ئایا بەو ستراتێژی یە قایل دەبن؟ یان لە دژی رادەوستن؟ بەرژەوەندیی دوارۆژی وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا لەوە دایە، سیاسەتی ستراتێژیکی یان تەنیا لە تەوەری ستراتێژی تاقانەی کەنداوی فارس دا خول نەخوا.هەرلەبەر ئەوشە ئێستا خەریکن بناخەی ستراتێژی یەکی دووانەی مەدیتەرانە - کەنداوی فارس دادەرێژن.رۆژئاوا و ئەمریکا نایانەوێ حەوزەی خەزەر باوێژێتە سەر کەنداوی فارس؛ چونکە لە لایەک ئێرانیان لێ پشوو سوارتر دەبێ، لە لایەکی دیکەش را ئاستی جیهانی کەنداوی فارس ئەوەندەی دیکەش بارگەان و ئاڵوزاوی و بە گیچەل تر دەکا.

لەبواری جوغرافیای سیاسی یەوە هیچ وڵاتێک بە قرا وڵاتی ئێران، هەڵکەوتەکەی بۆ کۆمارەکانی قەفقاز و ئاسیای نێوەراست لەبار نیە،لە رێگای دەریای خەزەر را پێوەندی راستەوخۆی بە بەشێکی ئەو کۆمارانەوە هەیە. بەرێگای ماشێن و قەتار دا زۆر هاسان هاتوو چۆی ئەو کۆمارانە بۆ دەریای ئازادی کەنداوی فارس و دەریای عومان دابین دەکا. دوای لێک هەڵوەشانی یەکیەتی سۆڤیەت و تێکچوونی پارەسەنگی ستراتێژیکیی دوو هێزی گەورەی جیهانی، ئێران بهاتبا و بە وردبینی یەوە هەنگاوی هەڵێنابا، شانسی بۆ پرکردنەوەی بۆشایی دەسەلاتی سۆڤیەت لەو کۆمارانە دا لە هی وڵاتانی دیکە زیاتر دەکرد.هێندێک سیغەی هاوبەش لە نێوان ئێران و کۆمارەکانی ئاسیای نێوەراست داهەن کە دەرگا بۆ یەکتری دەکەنەوە بۆ ئەوەی پێوەندی یەکی نوێ لە نێوانیان دا، دابمەزرێ،وەکوو:

پێوەندی مێژوویی و فەرهەنگی و ئایینی و ریندوو کردنەوەی جادەی ئاوریشم لە لایەک و، پێویستیی ئەو وڵاتانە بە بازاری یەکتری و ئیمکانی دەست پێراگەیشتنی کۆمارەکانی ئاسیای نێوەراست بۆ دەریای ئازاد لە ئێرانەوە.بەلام زیدەخوازیی ئێران لە زیندوو کردنەوەی داب و نەریتی کۆن و بەهێزکردن و زیاتر برەوپێدان بە ئایینی ئیسلام و دانانی مەکتەبی قورئان و دروست کردنی مزگەوت و بەرێوەبردنی رێ و رەسمە ئایینی یەکان و دانانی بنکە و بنیاتی لەو کۆمارانە دا، هیچ کامیان تا ئێستاش نەیتوانیوە ئامانجی ستراتێژیکیی ئێران کە کۆکردنەوەی کۆمارەکانی حەوزەی خەزەر لە نێو یەکیەتیی جەماهیری ئیسلامی دایە بهەنگیون.(بۆزانیای زیاتر بروانە"شورا"،ماهانەی شورای ملی مقاومتی ایران، دورە دوم،شمارە ٤،مهر ١٣٧١ ،نگاهی بە جمهوریهای آسیای میانە و منطقە،قفقاز،مهدی سامع لاپەرەی ٥١)

ئامانجێک کە مسیۆنیزە مەسیحی یەکانیش لە سەدەی ١٩دا لە نێوان وڵاتی کاتی رۆژهەلات دا تاقیان کردبۆون، بەلام تێیدا حاسێ مابوونەوە.دەوڵەتی ئێران بیری لەوە نەکردبۆوە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ناوچەی ئاسیای نێوەراست(بێجگە لە شیعەکانی بوخارا و هێندێک شیعەی ئیسماعیلی دانیشتووی تاجیککستان)حەنەفی مەزهەب و سوننین. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ئایینیەوە سیاسەتی فراژۆیان لە ئاسیای نێوەراست دا دەست پێکرد.بەلام تەنیا رەنج بە خەسار مانەوە و حکوومەت و خەڵکی ئەو وەڵاتانەیان لە خۆیان دردۆنگ کرد.بێتوو ئاڵاهەڵگرانی ئایینی وەهابیگەری و شیعەگەری دەست لە سەرمایە گوزاری کێشە ئایینی یەکان هەڵنەگرن، دوور نیە لە داهاتوو دا سوننی یەکان لە شیعەکان راست ببنەوە.(بۆزانیاری زیاتر بروانە"اطلاعات سیاسی – اقتصادی"، شمارە ٨٨-٨٧،ایران و جمهوریهای خراسان بزرگ وآسیای مرکزی، دکتر پرویز ورجاوید،لاپەرەی ٦١). ئەو جار ململانیی توندی نێوان دوو ئایینی شیعە و سوننی لە رۆژئاوا و رۆژهەلاتی ئێران را شوێنی خۆی بۆ باکووری ئێران رابگوێزێ.

ئێران دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە چەکی ئیدئۆلۆژیی ئایینی برناکا و ناتوانێ مێشکی خەڵک بکرێ و بازاری ئەو وڵاتان پاوان بکا، ئەوچار لە رێگای چالاک کردنی رێکخرای "اکۆ"وە وەخۆ کەوت.

"اکۆ" رێکخراویکە ئێران، تورکیا و پاکستان لە ساڵی ١٩٧٥ دا بۆ گەشە پێدانی بازرگانی نێوخۆیی دایان مەزراند.دوای ئەوەی تۆماری ژیانی ئیمپراتۆریی بەهێزی کۆمۆنیزم لەسۆڤیەت تێکەوەپێچرا، کۆمارەکانی قەزاقستان،ئازەربایجان،قرقیزستان،تاجیکستان و ئۆزبەکستان و لە ئاخریش دا ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینی دا هاتنە نێو :اکۆ". ئەوەش بووە هۆی ئەوە نرخی ستراتێژێکیی ئەو مەڵبەندە زۆر خێرا بەرەو ژوور هەڵکشێ.رێکخراوی :اکۆ" بە ٣٠٠ میلیون نفووس پێوانەی ١٨%ی قارەی ئاسیا، بوو بە گەورەترین رێکخراوی ناوچەیی لە جێهاندا.بەوحاڵەش "اکۆ" لەبەر ئەوە لە ئەندامانی تێکەڵ پێکەڵ پێک هاتووە،ناتوانی کارامەیی هەبێ ئەندامانی چالاکی "اکۆ" ئامانجیان هەر ئەوە نیە بازرگانی نێوخۆیی یان پەرە پێ بدەن، بەڵکوو دەیانەوێ لە بەرێ کردنی گاز و نەوتی حەوزەی خەزەر بۆ بەندەرگاکانی دەریای ئازاد بەشی خۆیان بپچرن و لە رادەی بەسترانەوەی ناوچەیی وڵاتانی مەڵبەندی خەزەر بە رووسیا کەم بکەنەوە.بەهەر تەقدیر،ئامانجی جۆراجۆری سیاسی ئەندامانی "اکۆ" و دەستێوەردانی وڵاتانی دەرەوە و کومپانیاکان، نەیان هێشتووە "اکۆ" بۆ ئێران خێربداتەوە.تا ئێستاش نەخشی رێکخراوی "اکۆ" لە بووژاندنەوەی ئابووری ناوچەکەدا زۆر لاواز دەبینرێ.(بروانە خەبەری،ژمارە ٤٤٣،قسەکانی فریبرز رئیس،کارشناس مسائل اقتصادی ایران).

بێجگە لەو شتانە، نیزامی ولایەتی فەقیهیی کۆماری ئیسلامی ئێران، هێندێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، وێهەڵکردن و وەخۆگرتنی هێندەش ئاسان نیە.لە سیاسەتی ئابووری دا تا ئێستاش بروای بە بازاری ئازاد نیە.لەسیاسەتی دەرەوەدا گێژەڵووکە دەکا.سنووری دۆستایەتی یەکەی روون نیە.بەئەنقەست بێ یان بەراستی بێ،دژایەتی یەکەی بەرانبەر بە ئەمریکا لەرادەبەدەر زیدەرۆیانەیە،ئێران وڵاتێکی پر

سەرچاوە Serchawe

سامانە،خاوەنی ١٤%ی پاشەکەوتی گازی دنیا(خلیج فارس و نقش استراتیژیک تنگە هرمز.جلد ١ - ٢ ) و نیزیک ١٤/٥% پاشەکەوتی نەوتی کەنداوی فارسە.(خلیج فارس و نقش استراتیژیک تنگە هرمز.جلد ١ - ٣)لە خۆی دا وڵاتێکی ئاژاوەگیر و پرکێشە و رووداو خوڵقێنە.ناسیۆنالیزم و ئایین دوو ماکەی بەهێزی کۆماری ئیسلامین. بەکارهێنانی ئیدئۆلۆژی و چەکدار بوونی ئێران بە چەکی ستراتێژیکی سارۆخی بالیستیک هەمیشە دەتوانن وڵاتانی ئەندامی شوورای هاوکاریی کەنداو و ئەمریکا تەنگاو بکەن.ئەو وەزعە نائاسایی یەش زۆر خێرا ئاڵۆزیی سیاسی و قەیرانی ئابووری،خۆ پەرچەک کردن و شەڕی ناوچەیی بەدوای خۆی دا دێنێ.وڵاتی ئێران سەرانسەری لێواری باکووری کەنداو و دەرووی هورموز و دەریای عومانی داگرتووە.لەباری ژێئۆ پۆلیتێکی یەوە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا هەڵکەوتێکی شاز و نایابی هەیە،مەیدانی مانۆردانەکەی فرت و فەراوانە.لە ئاستی شەڕ و ئاشتی داو،خاو و گشت کردنەوەی وەزعییەتی ناوچەکە و دەنەدان و هێورکردنەوە و تێکدان و سازان و حاڵەتی ئاسایی و نائاسایی دا دەتوانی وەکوو لایەنێکی بەهێزی ناوچەکە دەور بگێرێ. زەوینەی دەسەڵات ناژۆیی ئێران لە ناوچەکەدا هەمیشە دەتوانێ مەڵبەندی یەکجار گرینگی کەنداوی فارس و رۆژهەڵاتی نێوەراست بشەمزێنێ و بەرژەوەندیی رۆژئاوا و ئەمریکا لە مەترسی باوێ.ئەو رووداوانەی بوونە هۆی ئەوە لە دوو دەیەی دوایی دا وڵاتانی کەنداو پێکەوە تێک بگلێنی، سەڵماندیان کەنداوی فارس و دەرووی هورموز لە تێکدانی پارەسەنگی هێخی سەروەر دا فاکتۆرێکی تێکدەرن. سەرەرای ئەمانە، ئێران دەتوانێ بە وردبوونەوە لە جوغرافیای سیاسی و ژێئۆپۆلیتێکی و ژێئۆستراتێژیکیی ناوچەکە، پارەسەنگەکان بەقازانجی خۆی بگۆرێ بۆ وێنە لە بەرانبەر یەکگرتنی کۆمارەکانی ئازەربایجان و تورکیا و ئیسرائیل دا،ئێرانیش پێوەندی خۆی لە گەڵ کۆمارەکانی تاجێکستان و هەرمەنستان و سووریا و یۆنان بەهێزتر بکا،هانی ئەو هێز و رێکخراوە سیاسی یانەش بدا کە لە دژی حکوومەتەکانی ئازەربایجان و تورکیا و ئیسرائیل خەبات دەکەن.

هێندێک پسپۆر و لێزانی سیاسی لە مەسایلی ئێران، پێیان وایە بە سەرکەوتنی باڵی "اصلاح طلب"لە حاکمییەتی ئێران دا سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەی ئێران ئاڵوگۆرێکی زۆریان بەسەردا دێ.پاراستنی بەرژەوەندی ئابووری و ستراتێژیکی وا لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکا،واز لە سەروەریی ئیدئۆلۆژیکی بێنن و لەگەڵ رەوتی نوێ جیهان خۆیان رێکخەن بەوحاڵەش رێی تێ ناچێ ئێران لەو ئەزموونەش دا سەرکەوێ و بتوانی بەسەر رەهەندی خەزەر – کەنداو دا پردێک لێ بدا.

جیا لە رووسیاو ئێران، دەوڵەتی تورکیا لەو دەوڵەتانەیە شانسی بۆگەیشتن بە ئامانجی ستراتێژیکی ئاسیای نێوەراست – مەدیتەرانە لە هەمووان نیزیکترە،زۆر بە توندی خەریکە وڵاتی تورکیا و کۆمارەکانی ئاسیای نێوەراست لێک دەدروێ.خەڵکی ئەو کۆمارانە لە رەگەز و زمان و ئایین دا زۆر لێک نزیکن. لەبواری سیاسی شەوە تورکیا بەخۆ دوورخستنەوە لە پان ئیسلامیزم و بونیاتگەرایی ئیسلامی، لە بواری ساختاری پلۆرالیزمی سیاسی و حکوومەتی پارلمانی و ئابووری سەرمایەداری و رەقابەتی ئازاد دا بۆ ئەو رەوتە نوێ یەی کە کۆمارەکانی حەوزەی خەزەر دەیپێون،تورکیا مودێلێکی لەبەر دڵان و رەزاسووکە. تورکیا لە دیپلۆماسییەتی نێونەتەوەیش دا سەرکەوتووە،ئەندامێکی کارامەی ناتۆ و کاندیدای چوونە نێو یەکیەتیی ئورووپا و لە بەرەی رۆژئاوا و ئەمریکا دایە.تورکیا بە تایبەتی وەکوو نووکی کەوانەی ئەمریکا بۆ پەل هاویشتن بۆ نێو قەفقاز و وئاسیای نێوەراست دا کار دەکا."سلیمان دمیرل" سەرۆک کۆماری پێشووی تورکیا لە وتووێژێکی رۆژنامەنووسی دا دەڵێ:

" ئێمە لەو بارودۆخەدا لە خۆمان دا رادەبینین لە حەوزەی جوغرافیایی دەریای مەدیتەرانە رِا تا دەگاتەوە سنووری چین، بەرپرسایەتی یەکی متمانەی سیاسی وەئەستۆ بگرین.مەبەستمان لەو بەرپرسایەتی یە ئەوەیە خزمەتی پتەوکردنی هاوکاریی نێونەتەوەیی و ئاشتی جیهانی بکەیە."

دەوڵەتی تورکیا بە دروشمی یان تورکیزم و دامەزرانی دەوڵەتێک لە ئیستامبول رِا هەتا دەگاتەوە وڵاتی چین، هاتۆتە مەیدان، بەئایین و رەگەز و زمانی هاوبەش و وەچوو، توانیویەتی عەتفی کۆمارەکانی قەفقاز و ئاسیای نێوەراست بۆلای خۆی راکێشێ. پاش ساڵی ١٩٩٢ پێوەندی نێوان تورکیا و دەوڵەتی ئەو کۆمارانە زۆری زیاد کردوە.هاتووچووی هەوایی رۆژانە، بڵاوکردنەوەی بەرنامەی تەلەویزیۆنیی تورکیا بۆ ئەو کۆمارانە،دانانی شرکەت و بانکی تورکیی لە وڵاتەکانیان و، ساغ بوونەوەی نوێنەرانی دەوڵەتیی وڵاتە تورک نشینەکان لەسەر ئەلف و بێی لاتینی تورکی بە هێندێک دەسکاریەوە،ئیمزا کردنی رێککەوتنامەیەک لە گەڵ کۆماری ئازەربایجان سەبارەت بە راکێشانی لوولەی نەوتی باکۆ – تفلیس – جەیحان (ساڵی ١٩٩٢ز)و، کرینی گاز لە تورکمەنستان و، راکێشانی لوولەیەک بە درێژایی دوو هەزار کیلومتر بۆ تورکیا(بولتەنی خەبەری ١٣٧/٨/٣/١ ،ژمارە ٣٣٤٨ ). سەرمایەگوزاری یەکی بەرفەراوانی ئابووری لە تورکمەنستان و ئازەربایجان و قرقیزستان و شوێنەکانی تر.ناردن و وەرگرتنی خوێندکار، ناردنی پسپۆرانی نیزامی(بولتەنی خەبەری ١٣٧/٨/٣/٢١ ،ژمارە ٣٣٤٨ )،ششمین کنفرانس کشورهای ترک زبان) قورسایی ژێئۆپۆلیتیکی تورکیای لەو مەڵبەندە دا زۆر بردۆتە سەر.ئەو دەسکەوتانە لەسەر یەک هەندەرێکن بۆ ئەوە ئەمریکا لە هەموان زیاتر پشت بە تورکیا ببستێ و بێکاتە پردێک لە نێوان خەڵکی ئاسیای نێوەراست و رۆژئاوا دا.

هەر ئێستا تورکیا لەسایەی وەزعیەتی شازی ژێئۆپۆلیتیکی و پشتیوانیی ئەمریکاوە، خەریکە دوو حەریفی خۆی رووس و ئێران لەسەر پاوان کردنی بازاری نەوتی خەزەر دا لە مەیدان دەباتە دەر،بەو جیاوازی یە کە رووس و تورک زۆر لە ئێران زیاتر پێویستی یان بە هاوکاری یەکتری لە ناوچەکە دا هەیە، هەردوو لا ناچارن دڵی یەکتری رابگرن(بۆ زانیاری زیاتر بروانە، تورکیا زلهێزیکی ئیقلیمی نوێ کۆن، خەلیلمئگنوس کاراەیلی،سیاسەتی دەولی،ژمارە ١٢ لاپەرەی ٧٠ ). ئێستاش زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو کۆمارانە لەوە حاڵی بوون کە رێگای مومکین بۆ بەرێکردنی گاز و نەوتیان بۆ بازارەکانی ئورووپا و ئەمریکا، دەریای مردیتەرانەیە، نەک دەریای رەش یان کەنداوی فارس.

دوو شیرکرتی گەورەی ئەمریکا "شورن " و "وبیل"، ٧٠%ی سەهمی پرۆژەی گەورەی دەرهێنانی نەوتی دەریای خەزەریان وەئەستۆ گرتووە.

سەرکەوتنی پرۆژەی "Pipelines" ئابووری تورکیا بە جارێک دەگەشێنیتەوە. کەنداوی ئەسکەندەرون دەگاتە گەورەترین بەندەرگەی نەوت – هەڵگەرەکان.بێجگە لەو پارەیەی بابەتی ترانزیت وەری دەگرێ، ساڵانە پتر لە ٥ میلیارد دۆلار داهاتی پێ زیاد دەبێ

قەرارە بە ٧ خەتی لوولە دا نەوتی خەزەر بۆ مەدیتەرانە بەرێ بکەن. هەموو ئەو لوولانە کە دەگاتە تورکیا، بەسەر خاکی کوردستان دا تێدەپەرن و دەگەنە بەندەری جەیحان.

## ئەرکی ئەمریکا لە پێگەیاندنی ستراتێژیی نوێ دا

نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم بە دامەزرانی حکوومەتی ئیسرائیل و ئاوارە بوونی زیاتر لە ٧٥٠ هەزار عەرەبی فەلەستینی(ناسیونالیزم،قرن بیستم گان جی بارکلی، مترجم یونس شکرخواە،لاپەرەی ١١١ ) و قووڵ بوونەوەی کێشەی عەرەب و جوولەکەکان و شێوانی وەزعی ئاسایی ناوچەکە و، بەردەوامیی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەیی لە پارچەکانی کوردستان دا دەستی پێکرد.رۆژهەڵاتی مەدیتەرانە کە رۆژگارێک ناوەندی رمیناڵی بۆرییە نەوتەکانی کەرکوک – حیفاو کەرکووک – ترپیۆلی و بانیاس و هێڵی بۆرێی "تایپ لاین"ی عەرەبستان بۆ ترمیناڵی مەدیتەرانەی زەهران لە بەندەری "صیدون"ی لوبنان دا بوو بە هۆی نائەمنیی ناوچەکە و دەست پێکردنی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لە کار کەوتن(بۆ زانیاری زیاتر بروانە. جغرافیای سیاسی خاورمیانە و شمالافریقا،لاپەرەی ٤٦١ و ٤٦٧ ). لە ئاکامدا رۆژهەڵاتی دەریای مەدیتەرانە گرینگیی ستراتێژیکی و ژێئۆپۆلیتێکی پێشووی لەدەست دا. ئەمریکا لەو مەڵبەندە دا کە بەشێکی حەساسی ژێئۆستراتێژیکیی "ریم لەند"ی لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دا دەگرتەوە، بەدەست کۆڵەبارێک لەو گێرەو کێشانەوە پێوە ببوو. لە ئاخری دەیەی هەفتادا، رووداوی کوت وپری شۆرشی ئێران و بەدوای وی دا، هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق و شەڕی کەنداوی فارس. لەنگەری ستراتێژیکیی ناوچەکەی هێندەی تریش بە زەرەری ئەمریکا تێکدا. لەو کاتی رِا بوو ستراتێژیی ئەمریکاش گۆرانی بەسەردا هات. ئەمریکا بەتایبەتی بە دوای لێک بڵاوبوونی بلووکی سۆڤیەت،لە تەنیشت ستراتێژیی نیزامی دا، ستراتێژیی سیاسیشی بەهێز کرد.

ئەزمونی شەرەکانی هیندو چین و وەرەگرتنی نفووز و پێشرەوی ئیدئۆلۆژیی کومونیزم و سۆسیالیزم لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین نیشانیان دا، تەنیا کەڵەوەکێشی و قۆدرەتی نیزامی ئەمریکا هەموو شێتک دیاری ناکا و لە هەموو وەختێک دا رەفتاری وڵاتان بە قازانجی وی ناگۆرێ.زۆر جاری واش هەیە توند و تیژیی کردن ئاکامی خراپی بەدوا دادێ.کارامە کردنی پێوەندیی دیپلۆماسی و نفووزی فکری،تەبلیغاتی بەربڵاو بۆ راکێشانی بیروڕای گشتی، یارمەتی ماڵی بە وڵاتان، رفتاری دۆستانە و هاوبیروڕا بوون لەسەر مەسایلی نێونەتەوەیی و لە نیهایەت دا گەف لێکردن و گەمارۆی ئابووری و بە چۆک داهێنانی نەیاران بە هێزی نیزامی: وێنەیەکن لەو کەرەسانە کە ئەمریکا ماوەیەکە وەکوو تاکتیکی رۆژ کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

لەم رۆژگارە دا سێ کۆچکەی خەزەر،کەنداوی فارس، رۆژهەڵاتی مەدیتەرانە بۆ ئەمریکا گرینگترین و پرپایەخترین شوێنن.ئەمریکا بە لە ژێر چاوەدێری راگرتنی ئەو سێ شوێنە،سوکانی وەزعییەتی ژێئۆپۆلیتیکیی و ژێئۆستراتێژیکیی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست و ئاسیای نێوەراستی بە تەواوی دەکەوێتە دەست.ئەمریکا لە پێرەویی سیاسەتی درێژخایەنی دا دەستی ئاوەڵە بۆتەوە ناوچەکە لە گرژی و دژایەتی یە ئایینی و رەگەزی یەکان بپاڵێوێ.بۆ دوایی هێنان بە سناریۆی دراماتیکی کێشەی پەنجا ساڵەی جوولەکە و عەرەبان هەوڵ بدا،بۆ هێور کردنەوەی شوێنە ئاڵۆزەکان و یەک لەوان،کوردستان پایەگای دژەفرین دابنێ و بۆ زیندوو کردنەوەی شکوی رابردووی مەدیتەرانە و وەگەرخستنەوەی ترمیناڵە نەوتی یەکەی بەرنامەی درێژخایەن دابرێژێ.

بە پێچەوانەی ئیدیعای هێندێک خاوەن نەزەری ئێرانی، رۆژهەڵاتی مەدیتەرانە بۆ بارکردنی نەوت بۆ ئورووپا و ئەمریکا نزیکترین و هەرزانترین شوێنە. لە رابردوو دا بەشێکی بەرچاو لە نەوتی عەرەبستانی

سەرچاوە Serchawe

سعوودی و "کویت" و عێراق بە بۆری دەگەیاندرانە سەر بەندەرگاکانی "صیدون"ی لوبنان و "حیفا"و طرابلس" و بانیاش". هەموو ئەو هێڵانە ئێستاش ئیستعدادی وەکار خستنەوەیان هەیە. کاتێک شەڕی ئێران وعێراق دەستی پێکرد و کەنداوی فارس قەیرانی بەسەر داهات، کومپانیا نەوتی یەکان بۆ ڕاگوستنی نەوتی کەرکووک بۆ دەرەوە لە ساڵی١٩٨٤ی زایینی دا بە ڕاکێشانی بۆری نەوتەکەیان گەیاندە بەندەری سەیحان و کەنداوی ئەسکەندەروون. زەرفییەتی ئەو بۆری یانە 1/5 میلیون بەرمیل نەوت لەرۆژ دایە و دەتوانن زەرفییەتەکەی تا ٢میلیون بەرمیل بەرنە سەر.(جوغرافیای سیاسی خاوەرمیانە و شمال افریقا، لاپەرەی ٣٤٦)

راستە بەڕێ کردنی نەوت بە بۆری لەسەرەتا دا سەرمایەگوزاری یەکی زۆر هەڵدەگرێ و هێندێک گیرو گرفتی بەسترانەوە بەو وڵاتانەی کە بۆری نەوتیان پێ دادەڕوا دێنێتە پێش، بەڵام لە درێژخایەن دا زۆر بە قازانج تەواو دەبێ.بۆ کومپانیای "تیکزاس" وای قەبڵاندوە هەر بەرمیلێک نەوت کە بە پاپۆر لە رێگای کەنداوی فارس ڕا بۆ دەریای نێوەراست (دەریای مەدیتەرانە)بار بکرێ،٤٥ تا ٨٥ سەنت خەرج هەڵ دەگرێ،لە حاڵێکدا هەمان بەرمیل نەوت ئەگەر بە بۆری بگوێزرێتەوە 18 سەنتی تێدەچێ.بێجگە لەمەش لەبەر ئەوە نەوت بە بۆری دا بێ ڕاوەستان و خێراتر دەگاتە مەقسەد لە ڕادەی نەوت هەڵگرەکان و دروست کردنی نەوت هەڵگری زیادی کەم دەکاتەوە.(بروانە سیاسەتی دوەلی.ژمارە ٤، ساڵی سێهەم.کانوونی دووهەمی ١٩٩٥،دەربارەی گوستنەوەی نەوتی کوردسیانی عێراق بۆ دەرەوە،دوکتور ئازاد نەقشبەندی.لاپەرەی ٣١)

بەشێک لە ستراتێژیی نوێی ئەمریکا تێکخستنەوەی مەیدانی نەوتی "خەزەر و وڵاتانی خاوەن نەوتی باشووری رۆژئاوای ئاسیا بۆ دەریای مەدیتەرانە"یە، کوردستان لە نێوبەندی ئەو ستراتێژیی یە نوێ یە دا شوێنی تایبەت بە خۆێ هەیە؛ وڵاتێکی پان و بەرینە، کەوتوتە نێوان چوار ئاوی خەزەر، دەریای ڕەش، دەریای مەدیتەرانە و کەنداوی فارس. زۆر ئاسان دەتوانی لە قورسایی باری کەنداوی فارس و دەریای ڕەش کەم بکاتەوە، بە قازانجی مەدیتەرانە نەخشی کاناڵیزاتور بگێرێ و لەنگەری ستراتێژیکیی نێوان خەزەر و کەنداوی فارس و ئەسکەندەروون ڕابگرێ. کوردستان چەند ئیمتیازی دیکەشی هەیە: دەروازەی نێوان دوو قارەی ئاسیاو ئورووپا و ڕێگای گەیشتن بە مەڵبەندی "سوق الجیشی" قەفقازە. ئاڵ و والا بوون و جۆراوجۆریی سروشتیی کوردستان، لە ڕازاوەترین دیمەن دا چوار وەرزی ساڵیان لێک جیا کردۆتەوە. لە هەمان کاتیش دا کەش و هەوای نێوە قوتبیی چیا گەردەن کەشەکان و ناوچە دەشتایی یەکانی گەرمێن لە باشووری کوردستاندا،ئەو وڵاتەیان هەمیشە گەشاوە و زیندوو ڕاگرتووە. کوردیش لە نێو ئەو سروشتە دا سەرەرای ئەو هەموو چارەرەشی یەی بەسەری هاتووە بەوحاڵەش نەتەوەیەکی لەش ساخ و ژیر و بەوزە و دڵ زیندوو و هەمیشە شاد و دەم بە پێکەنین و غەریبەگر بارهاتووە و زۆر هاسانیش دەتوانێ لە گەڵ گۆرانکاری یەکان خۆی ڕابێنیێ.




کوردستان وڵاتێکی خاوەن نەوتە، هەر ئێستا کانگا نەوتەکانی کەرکووک دەتوانن رۆژانە دوو میلیون بەرمیل نەوت بۆ دەرەوە بەرێ بکەن.لەباری "ئاو"یشەوە دەوڵەمەنترین وڵاتی ناوچەکەیە، بەشێکی بەرچاو لە چارەنووسی خەڵکی وڵاتانی سووریا و عێراق بە تایبەتی بە ئاوی کوردستان بەستراونەتەوە.

بەو حاڵەش نابێ لەسەر دۆزی کورد خۆمان تووشی بیرکردنەوەیەکی ئیدئالیستانە بکەین. کوردستان و کورد لەبەر ئەوەی لە وڵات و نەتەوە دا یەکپارچە نین، بۆیە وەکوو نەتەوەیەک لەناو یەک نیشتمان دا تا ئێستاش ڕوانگەیەکی یەکگرتووی جیهانی یان بۆ نەرەخساوە، وەکوو واحیدیکی جوغرافیایی و سیاسی لە نێو مەعادلاتی جیهانی دا جێ یان بۆ نەکردۆتەوە. سنوورە سیاسی یەکان لە درێژایی زەمان دا لەسەر شیرازەی ئابووری و سیاسی خاک و نەتەوەکەی کاردانەوەیان بوون. هەر پارچەیەکی کوردستان وەکوو بەشێک لەخاکی وڵاتێک و، کوردەکانیش وەکوو دانیشتوانی هەر وڵاتەی لە ژێر ڕەکیفی حاکمییەتی غەیرە کورد دا ماونەوە و بە پێی قانوونی ئەساسیی ئەو وڵاتانە بە مەقوولەی "لای تجزا"ی خەڵکی ئەو وڵاتانە ناسراوان کە وەکوو میوان یان هاووڵاتی لێی دەژین.

لەحاڵی حازر دا ئەمریکا پێویستی بەوە هەیە بەر لە هەموو شتێک وەزعییەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی، فورمۆلە بکا. بەر لە همووو شتێک ئەو گرژی و ئاڵۆزیەی لە نێوان خۆی و دەوڵەتەکان دا هەیە لە نێو ببات و ئاشتی و تەبایی یان لە گەڵدا پێک بینێ. بەدوای ئەوەشدا وڵاتانی خاوەن کورد تەشویق بکا بۆ دێموکراتیزە کردنی ئۆرگانەکانی حاکمییەت، واز لە ناوەندئاژۆیی بێنن، ڕێگا بۆ گەشەپێدانی ئازادی و دێموکراسی ئاوەڵە بێلنەوە، دەست لە سەرکوت و چەوسانەوەی کورد هەڵگرن، ڕیگاچارەی نیزامی و سیاسەتی میلیتاریستی وەلانێنن، و تووێژ و دیالۆگ بکەنە کەرەسەی چارەسەری کێشەی کورد. دەرفەت بە کوردەکان بدەن لە فەزایەکی سەربەست و ئاواڵە دا لەسەر مافی چارە نووسی سیاسی خۆیان ئازادانە بڕیار بدەن و گشتیان بەو ئاکامە گەیشتبن کە ئێتر زەمانی چەوسانەوەی نەتەوەیی بەسەر چووە.هەر لەسەر ئەو ئەساسە بوو، بیل کلیتۆن سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە قسەکانی ١٥ی نوامبری ١٩٩٩ لە مەجلیسی ئەعلای میللیی تورکیا دا، ئەوەشی بە نوێنەرانی مەجلیس گوت:"حاکمییەت نابێ لەسەر ئەساسی ترس و خۆف دابمەزرێ..." بۆ کوردەکانی تورکیا لە ڕێگای سەر لە نوێ وەست هێنانەوەی بنەڕەتی ترین مافە ڕەواکانیان – ژیانێکی ئاساییانە - خەریکن چارەسەری بکەن.

ئەم پرسیارەش لە گۆرێ دایە : تۆ بڵێی ڕۆژیاوا و ئەمریکا لە ڕەوتی سەرخستنی ستراتێژیی نوێ و داکوتانیان لە پایەگای ئنجرلیک دا شتێکی دیکەیان بۆ کورد لە چەنتک دا نەبێ؟ ئەوەی ڕاست بێ لە زانستی سیاسەت و کۆمەڵناسی دا ئەوەی :هونەری مومکین "ە جەبر و ئیختیارات بەتاڵ دەکاتەوە، دروستیش هەر ئەوەیە وەڵامی پرسیارەکە بۆ دەیەی یەکەمی سێ هەزار پاساو بدەیتەوە کە هەل و مەرجی تازەتری تێدا دەخۆڵقێ.

## ئازادی بیرکردنەوە و پێنوس و زمان و ...... دەبێتە هۆی ئاوەدانی وڵات

سەرچاوە Serchawe





# پەندی پێشینیان

مەلا غەفووری دەبباغی




خەیاڵ خەزێنەی بە کەس نەداوە — زێڕ بۆ دینەوە، خەیاڵپڵاوە
کەری دێز دەکا حەز بە تۆپینێ — تاکو خاوەنی زەرەر ببینێ
نەسیحەت ناچێ بە مێشکی کەردا — کێ دیویە بزمار بڕوا بە بەردا؟
بەسمان بەسەردا لێدە گیزو فیز! — پێوەدان خۆشە نەوەک ویزەویز
ئەمەش نەقڵێکی لەمێژ و کۆنە — پاداران بگرە، بێ پا ئێخۆنە!
لە ترس و خۆفی ماری بەدکردار — لەپەنا ئاور خۆم داوە حەشار
خۆشیم نەدیوە لەم ڕۆژگارە — وەتی هەم، ئیمسال خۆزگەم بە پارە
دەستی تەماحت هێندە پان مەکە! — خاوەنی کەرەم پەشێمان مەکە!
ژووشک بە فەخری خۆی دەڵی ڕۆڵە — بێچووی کێ بەقەت تۆ نەرم و نۆڵە
ئەگەر ناتخورێ تۆ بنی ڕانی — چیتە لە ماندوونەبوونی شوانی؟
لە چاوی خۆتا نابینی گاسن! — سووژن دەبینی لەنێو چاوی من
کەچەڵ دەرمانکەر بوایە بێگومان — لە پێشا سەری خۆی دەکرد دەرمان
ئەگەر لێگەڕێ شۆفاری بەدفەڕ — ئاو دەخواتەوە گورگ لەگەڵ مەڕ
وتیان بە ڕێوی شاهیدت کێیە؟ — وتی کلکی خۆم، باوەڕم پێیە
چکۆلەترین کردەوەی ئینسان — لە سەد قسەی زل باشترە دیسان




قەڵای هەولێر

سەرچاوە
Serchawe



# چیرۆک بۆ منداڵان



## هاوڕێیەتی بەرخۆ منداڵێک چۆن بوو ؟( !

نووسینی / حاتەم باتاسی

...جارێکیان لە گوندێک منداڵێک بەرخێکی زۆر بچووکی هەبوو کە باوکی وەکو دیاری بۆی کڕیبوو، زۆر یەکتریان خۆش دەویست، هەمیشە بەرخەکە بەدوای منداڵەکە ڕشای دەکرد، منداڵەکەش بەهەمان شێواز زۆر هۆگری بەرخەکە ببوو، پەیوەندیو هاوڕێییەتیان لەگەڵا یەکتر زۆر بەهێز بوو. ڕۆژێکیان بەرخەکەو منداڵەکە بەڕێگایەکەوە دەڕۆیشتن لەو کاتیدا کابرایەک بەسواری گوێ درێژێکەوە ملی ڕێگایان گرتبووە بەرو بەلایانەوە ڕەت دەبوو، منداڵەکەش بەخۆشحاڵیەوە تەماشایان دەکرد. لەدوای ئەمە منداڵەکە بیری لەوە کردەوە بۆ ئەوەی لاسایی شێوازی ئەو کابرایە بکاتەوە کە بەسواری گوێ درێژەکەوە بوو...بەڵام چۆن..؟!هەر لەوکاتەدا منداڵەکە یەکسەر سواری پشتی بەرخەکە ئەبێت لەبەر ئەوەی بەرخەکە زۆر بچووکو بێ هێز بوو تەنانەت بەرگەی هەڵگرتنی منداڵەکەشی نەبوو، بۆیە یەکسەر بەرخەکە بەردەبێتەوە سەر زەویو لەئەنجامدا قاچێکی دەشکێت... دوای ئەمە منداڵەکە زانی تاوانێکی دەرهەق بە بەرخەکە ئەنجام داوە بۆیە ترسو نیگەرانیەکی زۆر هەموو گیانی دادەگرێت وە ئازارو ناخۆشیەکی زۆریش هەموو گیانی بەرخەکە دادەگرێت. هێندەی نەبرد باوکی منداڵەکە دەگاتە شوێنەکەو تەماشا ئەکات منداڵەکەو بەرخەکە لەبارێکی زۆر ناخۆشدا ئەژین. منداڵەکە بەپەلەو غەمباریەوە تەواوی بەسەرهاتەکەی بۆ باوکی گێڕایەوە، باوکەکەش پێی وت:-



ڕۆڵە گیان تۆ نابێت هەرچی بەو چاوە جوانانە ببینیو سەرنجت ڕابکێشێتو ئارەزووت بۆ بچێت، باشو خراپ لاسایی بکەیتەوە، ئەبێ باشو خراپ لێک جیا بکەیتەوە، تەنها لاسایی کردارو گفتوگۆی پڕ لە چاکە بکەرەوەو بەس، ڕۆڵە گیان تۆ پێچەوانەی ئەمەت کردووە زۆر ئازاری گیانلەبەرێکی بەسەزمانو هەژارو بەوەفات داوە کە هەتا نزیکترین هاوڕێیەکی لەدڵا شیرینی خۆت بووە، ڕۆڵە گیان ئەمە بەرخێکی بچووکو بێ هێزە، خۆ گوێ درێژ نیە تۆ سواری پشتیەوە بوویت .

...ڕۆڵە گیان ئەوەی چوو ئەوا چوو بەڵام ئەوەی نەچووە با نەچێت! هەڵسە لێرە بەدوا چاکە بەکردەوە لەگەڵا ئەو بەرخە جوانە بکەو پەشیمانی خۆت بۆ بسەلمێنە، تا چاک دەبێتەوە زۆر خزمەتی بکەو داوای لێ بووردنی لێ بکە...منداڵەکە بە هەناسەیەکی پڕ لە پەشیمانی وتە بەنرخەکانی باوکی خستە سەرچاوانی خۆیو بەرخەکەیان پێکەوە گەیاندە ماڵەوەو شوێنی شکانەکەیان بۆ پێچایەوە. ئینجا منداڵەکە خواردنی بۆی هێنا بەڵام بەرخەکە لەبەر ئەوەی زۆر لێی تۆرابوو هیچ خواردنێکی دەستی منداڵەکەی نەدەخوارد، وەکو جاران رووی خۆشی نەئەدایە ئەو منداڵە،.. منداڵەکەش هەستی بەوەکرد ئەو بەرخە جوانە بەتەواوی لێی دڵگیر بووە، بۆیە ناچار ئەبێت بەنیگەرانی لە ئاست بەرخە جوانەکە دابمێنیو دەست لەنێوو چاوانی خۆی لە خەفەتا بگرێت، کە باوکی بەم شێوازەی بینیو پێی وت:- ڕۆڵە گیان:- تۆو ئەو بەرخە یەکترتان زۆر خۆش دەویست مخابن تۆ ئەو تاوانەت لەئاست بەرخەکە ئەنجام داو لەخۆت تۆراند !....

لەو قسانەدا بوون بەرخە جوانەکە گلەی گلەیەکی کرد، باوکی منداڵەکە وتی:- ڕۆڵە گیان بڕۆ نزیکیەوە ئەو ناتوانێ بێتە ئێرە بزانە چی ئەکات! منداڵەکەش لەسەر قسەی باوکی چووە نزیکیەوە، لەپڕ بەرخەکە وەکو جاران بەزمانی خۆی منداڵەکەی دەلێستەوە، گوایە هاوڕێ گیان ئەوا لەگەڵت ئاشت بوومەوە، بۆیە منداڵەکەش توند بەرخەکەی لەباوەش گرتو فرمێسکی پەشیمانیو خۆشی تێکەڵا بەیەکتر کردنو هێدی هێدی لەچاوە جوانەکانی دەهاتنە خوارەوە... ئینجا باوکی لەئاست ئەو دیمەنە لەوان زیاتر خۆشحاڵا بوو وەبەمنداڵەکەی وت:- ڕۆڵە گیان تەماشا ئەو بەرخە چەند بەوەفایە چەند بە بەزەییە لەئاست هاوڕێیەتی تۆ، سەرباری ئەوەی ئازارت داوە ئەوا بەدەنگ نیگەرانیەکەی تۆ هاتووەو جارێکی تر خۆشەویستیو هاوڕێیەتی خۆی بۆ تۆ دووپاتو نوێ ئەکاتەوە، ڕۆڵە گیان تۆ ئازاری بەرخەکەت دا بەڵام بەرخەکە ئازاری دڵی تۆی لابرد، ئیتر لەمەودوا تۆش بەزەییت بە هەموو گیانداڕێک بێتەوە، هەرگیز ئازاریان نەدەیت، منداڵەکەش هەموو وتە بەنرخەکانی باوکی وەکو ئامۆژگاری وەرگرتو خستیە سەرچاوەکانیەوەو بەڵێنی دا هەر هەموویان لەمەودوا جێ بەجێ بکات

## دایک

هۆنراوەی ( حاتەم باتاسی )





ئەی دایە گیانم ، ئەی دایە گیانم
چەندە دڵسۆزی لە بۆ ژیانم

تۆ ڕووناکاییت لە بۆ شەوانم
چەند خۆشە کاتێ لە تۆ ئەڕوانم

لایە لایەکەت پڕسۆزە لە بۆم
چەند خۆشە کاتێ لە باوەشی تۆم

لە پێناوی من ئازار ئەنۆشی
بە بزەی لێوم ئەکەویە خۆشی

خۆت بە چەشنی مۆم بۆم ئەسووتێنی
بە فرمێسک و ژان من پێ ئەگەینی

مەرج بێ دایە گیان هەتا بمێنم
وەفاداری خۆم لە بۆت بنوێنم

ڕێزت لە سەر چاو هەر بپارێزم
خزمەتکارت بم بە هەموو هێزم .



# تەندروستی



## ئاوی هەنار ڕێگە لە گەشەسەندنی شێرپەنجەی پرۆستات دەگرێت



بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی شینهوا ، توێژەران ،پێکهاتەیەکییان لە ناو ئاوی هەنار دۆزییەوە کە دەتوانێت ڕێگە لە گەشەسەندنی شێرپەنجە بگرێت. توێژەرانی زانکۆی کالیفۆرنیا لە ئەمەریکا کاریگەری "ئاوی هەنار" یان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە خانەکانی شێرپەنجەی پرۆستات و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تستوسترۆن، تاوتوێ کرد.

بە ووتەی زانایان ، هەرچەندە خانەکانی شێرپەنجە لە بەرانبەر تستوسترۆن کان بەهێزتر بن ، زۆرتر ئامادەترن بۆ گەشەسەندنی شێرپەنجەکان.بۆیە زانایان بۆیان دەرکەوتووە کە خانەکانی شێرپەنجە بە ئاوی هەنار چارەسەر کران ، لە ناو چوون ، ئاوی هەنار ڕێگە لە خۆگرتنی خانەکانی شێرپەنجە دەگرن. ئەو مادانەی ناو "ئاوی هەنار" بریتین لە " فنیل پروپانوئید ، ئەسیدی هیدروبنزوئیک ، فلاون کان وئەسیدەکانی چەور.بۆیە زانایان پێیان وایە ئەو پێکهاتانەی ناو "ئاوی هەنار" دەتوانێت دەرمانی چارەسەر بێت بۆ شێرپەنجە.و هەروەها ڕێگە لە گەسەندنی خانەکانی شێرپەنجە بگرێت.

جێی ئاماژەپێدانە، شێرپەنجەی پرۆستات ، بەدووەمین شێرپەنجەی لە نێوان پیاوانی ئەمەریکی هەژمار دەکرێت کە تا ئێستا دەرمانێک بۆ چارەسەری نەدۆزراوەتەوە.

## خواردنەوەی ٣ گڵاس شیر ، لە ڕۆژێکدا دەبێتە هۆی پارێزگاریکردن لە دڵ



بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی رووسیا، پزیشکانی ئەمەریکی لە زانکۆی هاوارد لەگەڵ ٢١ توێژینەوە لە ئەوروپا ،ژاپۆن و کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر ٣٥ هەزار کەس ، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە خواردنەوەی ٣ گڵاس شیر لە ماوەی ڕۆژێکدا ، ١٨ % مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ کەم دەکاتەوە.

پزیشکانی دڵ هیڤ جۆرە پەیوەندییەکیان لە نێوان خواردنی ڕێک وپێکی ماددەی شیرەمەنییەکان و مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ ، وجەڵتەی مێشک نەدۆزییەوە .ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی پارێزگاریکردنی شیر لە بەرانبەر کارایی دڵ دا.

بە ووتەی پزیشکان ، "شیر" سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە لە ماددەی خۆراکی سروشتی لەوانە "کالسیۆم ،پتاسیۆم ،پرۆتیین.هەر بەو هۆیەوەیە کە بەرهەمە شیرەمەنییەکان بۆ پشگیری کردن لە نەخۆشییەکانی دڵ زۆر زەرور وپێوستە.

بەووتەی زانایان ،بە کارهێنانی ڕژێمێکی خۆراکی کە سەرچاوەکەی چەوری سوودمەندی وەک ماددەی شیرمەنییەکان بێت ،نابێتە هۆی مەترسی تووشبوون بە هیچ جۆرە نەخۆشییەکی دڵ.

## تەرە پیاز دەبێتە هۆی هاوسەنگکردنی شەکرە ناو خوێن



بە ووتەی توێژەران ، "تەرە پیاز" دەوڵەمەندن بە ماددەی کرۆم کە بۆ ڕێکخستن و هاوسەنگی گلوکۆز ، پاشەکەوتکردنی شەکرە زۆر سوودمەندە.

بە ووتەی زانایان ، " خواردنی تەرە پیاز" دەبێتە هۆی دابەزاندنی شەکرە و چەوری ناو خوێن ، هەروەها دابەزاندنی پاڵەپەستۆی خوێن .

بە ووتەی زانایان مەترسی شێرپەنجەی قۆلۆن و شێرپەنجەکانی دیکە و نەخۆشییە هەوکردنەکان کەم دەکاتەوە و ماددەی " کرۆم" جۆرێک ماددەی کانزایی و زەروورییە کە کاری هاوسەنگردنی گلوکۆزی و پاشکەوتکردنی شەکرەی ناو خوێن دەکات.

لە لایەکی دیکەوە ، دەوڵەمەندە بە ڤیتامین ا ، ئەو ڤیتامینە جگە لەوەی کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی سیستمی بەرگری لەش ، مرۆڤ لە بەرانبەر نەخۆشییەکانی دڵ وچاو و چرچ ولۆچییەکانی پێست دەپارێزێت.

## خواردن لەکاتی کارکردن بە کۆمپیوتەر، دەبێتە هۆی قەڵەوی !



بە پێی هەواڵێکی ماڵپەری " ئێم ،ئێس ،ئێن بی ،سی"،توێژەران بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو کەسانەی کە لە پشت کۆمپیوتەر کار دەکەن یان تەماشای تەلەفیزیۆن دەکەن وهاوکات خواردنیش دەخۆن بە بەراوەرد لەگەڵ کەسانی تر زیاتر کێشی لەشیان زۆر دەبێت و قەڵەو دەبن.زۆربەی ئێمە ڕەنگە کاتێک سەرقاڵی کارکردنین بە کۆمپیوتەر خواردن بخوین ئەوەش وا دەکات کە حەز وشەهیەمان بۆ خواردن روو لە زیادبوون دەکات.

زانایان دوای ئەنجامدانی توێژینەوە بە سەر ٤٤ ئافرەت وپیاو بۆیان دەرکەوت کە ئەو کەسانەی کە لەکاتی یارییە کۆمپیوتەرییەکان یا کو تەماشای تەلەفیزیۆن دەکەن و هاوکات خواردنیش دەخۆن زیاتر بە بەراوەرد لەگەڵ کەسانی تر خواردن دەخۆن وهەروەها نیوکاتژمێر دوای خواردنیش هەست بە برسیبوون دەکەن.

بە ووتەی زانایان ،کۆمپیوتەر وتەماشاکردنی تەلەفیزیۆن ،دەبێتە هۆی گرفتی تەرکیز لە خواردن دا وهەروەها لەبیرمان دەچێت کە چەند خواردنمان خواردووە.دکتۆر جیفری برانسترۆم لە زانکۆی بریستول لەو بارەیەوە ووتی ،بیروهۆشی مرۆڤ ڕۆلێکی گرنگی لە ڕێژەی خواردنی ئێمە دا هەیە.ئەگەر بە بیرخۆمان نەهێنینەوە کە چەند خواردنمان خواردووە ئەوا زووتر لە کەسانی تر هەست بە برسێتی دەکەین وماوەی نێوان ژەمەکان بۆمان کەم تر دەبێتەوە.

ئەمرۆ یەکێک لە سەرەکی ترین هۆکارەکانی قەڵەوی لە ئاستی جیهاندا ، ژیانی پر ئێش وکار وسەرقاڵییە کە ئێمە رووبەرووی بووینەتەوە .بۆ نموونە منداڵان ١/٤ ی ئەو کالۆرییانەی کە لە ڕۆژ وەری دەگرن یان دەیخۆن لە بەرانبەر تەلەفیزیۆنە.

ڕێبوار حەمەلاو : کوردستان تی ڤی

سەرچاوە
Serchawe



# وتەی زانایان



ئەوەی شانازی بە زانینی خۆیەوە بکا نەزانی خۆی دەردەخا ... ئینگلیز

ئەگەر نەتوانی دۆست بۆ خۆت پەیدا بکەی دووژمن بۆ خۆت زیاد مەکە ... یۆنانی

ئەو کەسەی لێبووردنی نییە لەگەڵ خەڵکدا ، بەدەستی خۆی ئەو پردە ئەڕووخێنێ کە ئەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بەسەریدا بپەڕێتەوە ... گۆتە

بێگانە بکە بە دۆست چاکترە لەوەی دۆست بکەی بە بێگانە... ئینگلیز

بەد ناو کردن و سووک کردنی خەڵکی چەکی نامەردانەیە ... فەڕەنسی

پیاوی قەرزدار تیژ بە بازاڕدا تێ دەپەڕێت ... سویدی

بیر لە هەموو قسەیە قووڵترە ، هەست کردنیش لە هەموو بیرێ قووڵ ترە ... نێتشە

پیاوی ژیر ئەو کەسەیە کە کەڵک لە بەسەر هاتی خەڵکی وەر دەگرێ نەک بەسەر هاتی خۆی

دوو جۆر مرۆڤ هەرگیز سەر ناکەون ، ئەوەی بەو کارە هەڵناسێ کە پێی دەسپێرن و ئەوەی هیچ شتێک ناکات لەوە زیاتر کە پێی دەسپێرن... سیرۆس کروتیسیت

.



چاک وایە کتێبخانەکەت پڕ کتێب بێت نەک جزدانەکەت لە پارە... دیگۆن لایلی

مرۆڤی کامل و تەواو کەسێکە کە ژیانی خۆی بە دەستی خۆی دروست بکات.

ئازادی بیرکردنەوە و پێنوس و زمان و ....... دەبێتە هۆی ئاوەدانی ولات.

جوانترین شعر لە سەرانسەری جیهان لایە لایەی دایکانە.

ئیمان سەبرو لێبوردنە.

بە خۆڕاگری بە هەموو شتێک دەتوانی بگەیت -.

ئازادی مافەو دەبیت وەرگیرێ و دیاری نییە پێشکەش بکرێت.

بە هەبوونی ئیرادەی بەهێز دەبیتە خاوەنی هەموو شتێک.

بەفیرۆدانی کات خۆ کوشتنێکی ڕاستەقینەیە.



سەرچاوە Serchawe



# کرۆنۆلۆگی کوردستان



بەشی هەشتەم و کۆتایی

نووسینی نادر فەتحی بۆکانی (شوانە)

١٩٢٥ تا ١٩٢٧

لە مێردین و لەلایەن هاکۆ, سەرهەڵدانەکەی شێخ سەعید درێژەی پێدەدرێ، کە ئەویش دوای سالێک دوایی پێ دێ . زیاتر لە ٧٠٠٠٠ کورد لە زێد و نیشتمانی خۆیان ناچار بە کۆچ دەبن و بەرەو سورییە دەچن. لە ساڵی ١٩٢٧ دەوڵەتی تورک لێخۆشبوونێکی گشتی بۆ ئەو کوردە ئاوارانە ڕادەگەیەنێت، کە بە دەنگی ئەم بانگەوازەوە ژمارێکی زۆر لە ژن و منداڵی دەربەدەر دەگەڕێنەو، کەچی دەوڵەتی تورکی لە ئەوپەری بێشەرمیدا هەموویان کۆمەڵکوژ دەکا. بەپێی بەرواەرد، زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس دەکوژرێن !

مای/یولای ١٩٢٦

یەکەمین سەرهەڵدانی کوێستانی ئارارات و کۆمەڵکوژی خەڵک لە لایەن سوپای تورک .

مای/ئاگوست ١٩٢٦

بەرگری لە موتکی/بیتلیس .

١٩٢٦.٦.٥

پێوەلکاندنی ولایەتی موسڵ بە خاکی عێراقەوە .

ئاگوست ١٩٢٧

پێکهاتنی کونگرەی خۆیبوون لە لبنان .

زۆربەی حیزب و گروپەکانی کە دوای شەری یەکی جیهانی پێکهاتبوون, بەشداری ئەو کونگرەیە دەکەن ! ئامانجیان ئازادکردنی کوردستان لە ریی شەری چەکدارانەوەیە. پێکهێنەری ئەو رێکخراوەیە سلادەت(جەلادەت) علی بەدریخان و دوو براکانی بوون .

١٩٢٨

دەستپێکردنی سەرهەڵدانی ئاگری ئارارات، لە لایەن ژنراڵ ئیحسان نوری، کە لە رێکخراوی خۆیبوون دابوو . تا ساڵی ١٩٢٩ ئەو ناوچەیە ئازاد دەبێ و جمهوری ئارارات ئیعلام دەکرێ.



مای/ئاگوست ١٩٢٦

سەرهەڵدانی زیلان لە سەرحەد .

ئەو سەرهەڵدانە زۆر وەحشیانە سەرکوت دەکرێ !

سپتامبری ١٩٣٠

کۆمەڵکوژی چیای تەندورەک لە بازید !

١٩٣٠ تا ١٩٣٢

سەرهەڵدانی ئارارات لە باکوری رۆژئاوای کوردستان، ساڵی ١٩٣٠ دەگاتە ئاستی هەرە بەرزی خۆی. ئێران، کە لە سەرەتاوە خۆی بە دۆستی کوردان نیشان دەدا, رێی بە سوپای تورک دا کە بێتە نێو خاکەکەی و لەوێوە هێرش بەرێتە سەر کوردان، هەر بەم هۆیەشەوە بوو کە سەرهەڵدانی ناوبراویش بە شێوەیەکی سامناک سەرکوت کرا.

تۆڵەسەندنەوەکە دیسانیش بێ بەزەیانەتر دەبێ و زیاتر لە ١٠٠ روناکبیر لە چومی وان دا دەخنکێندرێن و سەدان گوند بە بومبی سوتێنەر لەناو دەچن، بەلام سەرەڕای ئەوانە، سەرهەڵدان هەتا ساڵی ١٩٣٢ ، لێرە و لەوێ هەر خۆی ڕادەگرێ.

١٩٣٠

بۆهەڵبژاردنی پارلمانی ئێران، کوردستان بایکوت دەکرێ ! لە سپتامبری ئەوساڵە دا ، لە شاری سلیمانی دا خۆپێشاندانێکی گەورەی قوتابیان و خوێندکاران بەرێوەدەچێ کە داوای مافی سەربەخۆیی دەکردرێ . پەلاماری سوپای عیراق بۆ ئەو خۆپێشاندانە و وەڵامی چەکدارانەی کوردەکان، دەبێتە هۆی کوشتنی ٣٠ کورد و برینداربوونی سەدان کەس.

مای ١٩٣٢

لە ئاشکرا قانونی وەدەرنان و و راگواستنی کوردەکان ئەرێ دەکرێ و زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کورد لە شوێنی خۆیان دەردەکرێن و رادەگوێزرێنە بەشی نێوەراست و رۆژئاوای ئاناتۆلی. ئامانج لەوکارە ژینۆسایدییە، فەوتاندنی زمانی کوردی و داسەپاندنی کوڵتور و زمانی تورکیە .

١٩٣٢.١٠.٠٣

بە رابەرایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی برای مەلا مستەفا, سەرهەڵدانی باشوری کوردستان دەست پێدەکا، کە لە لایەن هێزی فرۆکەکانی ئینگلیزەوە تێک دەشکێندرێن ! ئینگلیزیەکان مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەدی بارزانی دەگرن و لە شاری سلێمانی،لەژێر چاوەدێری خۆیان دا ڕایان دەگرن.

لەوساڵەدا جەلادەت عەلی بەدریخان پیتی زمانی کوردی بە لاتین دەداتەدەرێ کە تا ئەورۆش هەر کەڵکی لێ وەردەگیرترێ!

١٩٣٢ تا ١٩٤٥

کامران و جەلادەت عەلی بەدریخان رۆژنامەی هاوار لە دەمشق دەدەنە دەرێ !

١٩٣٧.٠٧.٠٨

قەراردادی سەعدئاباد لە بەینی تورکیە, ئێران, عێراق و ئەفغانستان دەبەسترێ،کە لەوێدا ئەودەوڵەتانە لەسەرچۆنیەتی بەربەرەکانی دژبە میڵلەتی کورد بە یەک دەگەن.

١٩٣٦ تا ١٩٣٨

گەورەترین سەرهەڵدانی ئەو ساڵانە، لە دەرسیم دەبێ. ناوچەی کوێستانی و عەلەوی نشینی دەرسیم لە کاتی پێکهاتنی دەوڵەتی عوسمانیەوە نە ماڵیاتی بە دەوڵەت داوە و نە بۆ پشتیوانی لە شەڕدا یارمەتیی سەربازی بە دەوڵەتی تورکان داوە.

ئەو سەرهەڵدانە لەلایەن کەسێک بە نێوی سەید ڕەزا ـ ی دەرسیمییەوە رابەری دەکرێ . لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٦ ئەو سەرهەڵدانە تێکدەشکێ . عەلی شێر و دوکتور نوری دەرسیمی کە لە سەرهەڵدانی کۆچگیری ساڵی ١٩٢١ یشدا بوون, هاوکاری سەید ڕەزا یان لە سەرهەڵدانەکە دا کردوە !

لە سەرەتای ئەو ساڵەدا شەرێکی قورس دەسپێدەکا، کە سوپای تورک تووشی زیانێکی زۆر دەبێت، بەلام سەرەڕای ئەمەش، لە پایزی ١٩٣٧ دا سەید ڕەزا و هەواڵانی بەدیل دەگیرێن و لە نوامبری ١٩٣٧ لە ئەلعەزیز لە سێدارە دەدرێن. وەختایەک عەلی شێر کە دوای سەید ڕەزا سەرهەڵدانەکە رابەری دەکرد , لە لایەن جاسوسانەوە دەکوژرێ و سەرهەڵدانەکە بێ سەرۆک دەمێنێتەوە.

ساڵی ١٩٣٨ لە دەرسیم ـ ی باکوری کوردستان، درەندەترین کۆمەڵکوژی بە شیوەیەکی سیستماتیک دژبە کوردان دەست پێدەکا . ژومارەی ٨٠٠٠٠ کورد دەکوژرێن . زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کەس رادەگوێزرێن .

سەرچاوە Serchawe

سەرهەڵدانی دەرسیم لە ئاخری ساڵی ١٩٣٨ دا کۆتایی پێ دێ.

### شەڕی دووهەمی جیهانی و کوردستان

دوای تێکشکاندنی بەرگری دەرسیم باکوری کوردستان بەتەواوی دەکەوێتە ژێر کونترۆلی دەوڵەتی تورکیا . دوای کۆمەڵکوژی لە باکوری کوردستان دەورەیەکی تازە بە نێوی کۆمەڵکوژی سپی بۆ تواندنەوەی کورد بە شیوەی سیستماتیک و بە تورک کردن دەست پێ دەکا !

**ساڵی ١٩٣٠**

شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئوروپا دەست پێدەکا و کوردستان چەند ساڵێک هێمن دەمنێتەوە

**١٩٣٩ تا ١٩٤٢**

پێکهاتنی حیزبی ئازادی ژیانی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان . لە پرۆگرامی حیزبیدا داوای مافی چارەنووسی کورد بە دەست خۆی دەکرێ !

لە ساڵی ١٩٤٢ حیزبی ئازادی ژیانی کوردستان تێکدەچێ و لە ١٩٤٢.٠٩.١٦ ژیانەوەی کوردستان(ک.ژ.ک) پێکدێ ! پرۆگرامی سیاسی ئەوان ئاوادەڵێ : ئەوەی دوژمنانی کورد بە زۆر لە کوردیان ساندووە , کوردەکان تەنیا لە رێگای زۆر دەتوانن وەریگرنەوە !



**١٩٣٩.١٢.٢٦**

بە هۆی بۆمەلەرزەیەک لە باکوری کوردستان ئەرزنجان ٣٢.٣٧٢ کەس گیانی خۆیان لە دەست دەدەن ! ١٣٥٠٠٠ خانوبەرە دەرووخێن !

بۆمەلەرزەکانی دیکەی کوردستان :

١٩٦٦.٠٨.١٩ بۆمەلەرزە لە وارتۆ لای موش کە ٣٠٠٠ کوشتە و ٢٠٠٠٠ ماڵ وێران دەبن !

1976.11.24 بۆمەلەرزە لە وان ٣.٨٣٧ کوشتە و زیاتر لە ١٠٠.٠٠٠ خانواری کورد بێ ماڵ دەمێننەوە !

لەو کاتەدا رۆژنامەیەکی تورکی لە قەولی کۆماندویەکی ئەرتەشیەوە دەنووسێ: لێگەرێن با بمرن , ئەوانە مەگەر کورد نین !

١٩٨٣.١٠.٣٠ بۆمەلەرزە لە ئەرزنجان . ١.٣٣١ کوشتە و هەزاران بریندار .

١٩٩٢.٠٣.١٣ بۆمەلەرزە لە ئەرزنجان . ٦٥٣ کوشتە و هەزاران برینداو و ئاوارە .

**١٩٤٣ تا ١٩٤٥**

مەلامستەفا بارزانی کە لە سولەیمانی لە ژێر چاوەدێریدا دەبێ, هەلێکی بۆ هەڵدەکەوی و دەچێتە شاخەکانی کوردستان و بەرگریەک رێکدەخات کە تا نزیک رۆژهەڵاتی کوردستان تەشەنە دەکات !

**١٩٤٦.٠١.٢٢**

پێکهاتنی یەکەم کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان . مەجلسی کوردی پێکدێ و نوێنەرانی راستەقینەی خەڵکی تێدادەبێ .

سەرۆکی کۆماری کوردستان قازی محەمەد ە و مەلامستەفا بارزانیش وەزیری بەرگری بووە.

کاتێ لە نوامبری ساڵی ١٩٤٦ ئەرتەشی روس کە پارێزگەری کۆماری کوردستان بوو , خۆیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکێشنەدەرێ , لە ١٩٤٦.١٢.١٦ هێزەکانی ئێرانی هێرش دەبەنە سەر کۆماری کوردستان کە هێشتا ساڵێک لە تەمەنی تێپەر نەببو و قازی و هاڤالانی بە دیل دەگرنوو لە رۆژی ٣١ مای١٩٤٧ لە سێ دارە دەدرێن ! مەلامستەفا و سەدان پێشمەرگە پەنا بۆ شاخەکانی کوردستان دەبەن کە دوای ماوەیەک پەناهەندەی روسیە دەبن و مەلامستەفا چەند ساڵێک لە وێ ژیان بەسەردەبا !

**١٩٤٦.٠٨.١٦**

١٦ی ئاگوست لە باشوری کوردستان حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکدێ . ئەگەرچی مەلامستەفا بارزانی لە کوردستان نیە, بەوحالەش بە سەرۆکی حیزبی دیموکرات هەڵدەبژێردرێ .

لە دەستپێکی پێکهاتنی ئەو حیزبەوە دو بڕوای جیاوازسەبارەت بە داهاتوی کوردستان لە گۆڕێ دابووە: یەکێ ,داوای برایەتی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی عێراقدا دەکا, ئەویدی ,کە وڵامی مەسەلەی کوردستان لە قۆناغێکی گەورەتردا دەبینێ !

**ساڵی ١٩٥٠ /١٩٥١**

لە گوندەکانی ناوچەی وان کوردەکان لە ماڵی خۆیان دەردەکرێن و بە زۆر رایاندەگوێزن بۆ ناوچەکانی دیکەی تورکیە و لە جێ ئەوان تورکەکانی یوگسلاوی و بولغارستان نیشتەجێ دەکردرێن !

**١٩٥٥.٠٢.٢٣**

یەکگرتنی تورکیە و ئێران و عێراق بۆ سەرکوتکردنی هەر چەشنە جوڵانەوەی کورد و چالاکی نیزامی .

**ساڵی ١٩٥٦**

لە باکوری کرمانشا خەڵکی (جوانرۆ) دەکەونە دژایەتی حوکمرانانی تارانەوە. ئەرتەشی ئێران بەهەموو هێزی خۆیەوە و بە پشتیوانی فرۆکەکانیانەوە ئەو ناوچەیە وەبەر پەلاماری خۆیان دەدەن و بە بۆمبارانێکی نامرۆڤانە تەواوی ناوچەکە خاپور دەکەن !

هەر لەوساڵەدا لە کوردستانی سوریە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رۆشنبیران و وەرزێران و کارگەران پێکدێ . بەرنامەی حیزبیان ناسینی کورد وەکو نەتەوە و رفورمێک لە دەوڵەتدا و دیموکراتی بۆ حکومەتی دمشق دەبێ !

ژمارەیەک لە کاربەدەستانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی سوریە لە ساڵی ١٩٥٩ دەگیرێن . حیزب هەر دەمێنێتەوە بەڵام بەهۆی جیاوازی گەورەی بیروڕای سیاسیەوە دەبنە چەند کوتەوە کە ئیتر هیچ مەترسیەکی وا بۆ حکومەتی سوریە پێک ناهێنن!

**ساڵی ١٩٥٨**

تێکرۆخانی مۆنارشی (شاهنشاهی) لە عێراق . قاسم حکومەتی نوی عێراق پێکدێنی و هەلێکی تازە بۆ کوردان دێتەگۆرێ . مەلامستەفا لە روسیەوە دەگەرێتەوە .

**ساڵی ١٩٥٩**

لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی موکریان بەتایبەت مەهاباد و سەردەشت و بانە شەرێکی چەکدارانە دژ بە رژیمی شای ئێران دەست پێدەکا . مەلامستەفا لایەنی شا دەگرێت ودژبە کوردانی رۆژهەڵات رادەوەستێ!؟؟؟؟؟

**١٩٦٠.٠٥.٢٧**

لە ٢٧ مای ١٩٦٠ دا لە ژێر فەرمانی ژنرال گورزڵ کودەتایەکی نیزامی لە تورکیە رودەدا !

ئەو حکومەتە تازەش کوردەکان بەرەسمیەت ناناسێ و بەنێوی کوردجیلوک دژبە دەوڵەتیان دەداتە قەڵەم !

### دەستپێکردنەوەی بەرگری کوردان دوای شەڕی دووهەمی جیهانی

**ساڵی ١٩٦١**

دەوڵەتی تازەی عێراق جوڵانەوەی باشوری کوردستان بە جوڵانەوەیەکی جیاوازیخوازانە دەزانێ و بە قەدەغەکردنی رۆژنامە کوردیەکان دژایەتی خۆی سەبارەت بە کوردان دەردەبرێ!

نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەگیرێ , چونکوو لە کۆبوونەوەیەکدا قسەی بۆ قوتابیان و خوێنکارانی زانکۆ کردبوو !! مەلامستەفا بارزانی هێزەکانی دەکشێنێتەوە بۆ بارزان و چیاکانی کوردستان .

**١٩٦١.٠٩.١١**

لە یازدەی سێپتامبر شەڕی چەکدارانەی باشوری کوردستان دژبە دەوڵەتی عێراق دەستپێدەکا. کە وردە وردە دەبێتە راپەرینێکی نەتەوەیی کورد بۆ مافی سەربەخۆیی ! دەوڵەتی عێراق دەستدەکا بە بۆمبارانی گوندەکانی کوردستان !

١٩٦٢.٠٨.٢٣

حوکمرانانی دەمشق دوای دانانی قانۆنێکی قەڵب سەرژمارێکی زۆر سەیر لە ناوچەی جەزیرە بەرێوەدەبەن و بەرهەمەکەی دەبێتە ئەوە کە ١٢٠٠٠٠ کورد بە خەڵکی بێگانە نێودەبردرێن و ناسنامەی سوریەیان لێ دەستێندرێتەوە !

بۆئەوەی دەوڵەتی سوریە فشاری کوردەکان لەسەر خۆی کەم کاتەوە , پرۆژەیەک دادەرژێ بۆ پێکهینانی کەمەربەندێکی عەرەبی ! بەوجۆرە کە تەواوی کوردەکانی کە لە سنوری تورکیە دەژیان راگوێزی بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو بە درێژایی ٢٨٠ و پانایی ١٥ کیلۆمتر. جێگای ئەوانیش بە خەڵکی عەرەب پربکاتەوە !

١٩٦٣.٠٢.٠٨

لە ٨ی سێپتامبر حیزبی بەعس لە عێراق کۆدەتایەک پێکدێنێ دەوڵەتی قاسم دەروخێنێ و خۆی دەستەڵات بە دەستەوە دەگرێ . لە هەوەڵەوە ئاگربەس لەگەڵ کوردان دەکا !

لە مانگی ژوئن ئەرتەشی عێراق هێرش دێنێتە سەر جوڵانەوەی کوردەکان . ئەرتەش و فرۆکەکانی سوریەش بۆ یارمەتی بە عەرەب و دژبە کوردەکان دێنە شەڕەوە !

مارسی ١٩٦٣

حیزبی بەعس لە سوریەش بە رابەری میشل ئەفلەق دێتەسەرکار ! بارودۆخی کوردەکان دشوارتر دەبێ .

١٩٦٤.٠٢.١٠

لە باشوری کوردستان ئاگربەس لە بەینی کوردەکان و ئەرتەشی عێراق پێکدی . ئەوە دەبێتە هۆی شەڕی فکری لە نێو سیاسەتوانە کانی پارتی دیموکراتی کوردستان مەلا مستەفا و جەلال تاڵبانی و برایم ئەحمەد !

جەلال تاڵەبانی و برایم ئەحمەد لەدانیشتنێکدا بەرخنەگرتن لە مەلا مستەفا داوای ئیدارەی سەربەخۆ دەکەن . ئیدارە کونەکە ئینشعابی لێدەبێتەوە و بەهۆی پەلاماری پێشمەرگەکانی بارزانی هەڵدێن بۆ رۆژهەلاتی کوردستان ! جەلال تاڵبانی و پێشمەرگەکانیشی دەگەرێنەوە بۆ ناوچەی سولیمانی لە باشوری کوردستان !

١٩٦٥

بۆ یەکەمین جار بە خەلکەکانی بێگانە ئیجازەی سەفەر بۆ ناوچەکانی باکوری رۆژئاوای کوردستان دەدرێ ! ئەوناوچانە لە ساڵی 1925 ەوە بۆ خەلکەکانی بێگانە قەدەغە کرابوو.

پێکهاتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیە. ساڵێ دوای ئەوە هەردوک سەرۆکی ئەو حیزبە فایق بوجاق و سەعید ئیلسی بە دەستی سازمانی ئەمنیەتی تورکیە دەکووژرێن !

ساڵی ١٩٧٠ ئینشعابیان تێ دەکەوێ و دوای ئینشعابێکی کە لەساڵی ١٩٧٩ , کارلێکەری سیاسی خۆی لە مەیدانی سیاسەتدا لەدەست دەدا و تا ئەورۆش هیچ چالاکیەکی نامێنێ !

١٩٦٧

دامەزرانی قانونی پێراگەیشتنی کولتوری دەبێتە هۆی قەدەغەکردنی ئەدەبیات و موزیکی کوردی لە باکوری رۆژئاوای کوردستان .

١٩٦٨|١٩٦٧

ئینشعاب دەکەوێتە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە. ئەوبەشەی کە بڕوایان بە رزگاری میللەتانی سەراسەری جیهان(لایەنگری چەگوارا) دەبێ, دژایەتی رخنەگرانە دەکەن لە گەڵ ئەو بەشەی کە بە بڕوای ئەوان بۆچوونێکی ناچالاکانەی حیزبی و پەیوەندی زۆر نزیکی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هەیە کە ئەویش یارمەتیی لە شای ئێران وەردەگرێ ! ئەو بەشە دەگەرێنەوە بۆ ئێران و شەرێکی چەکدارانە دژبە رژیمی ئێران دەست پێدەکەن ! کە لە ساڵی ١٩٦٨دا مەلا ئاوارە و سولێمان موعینی و عەبڵا موعینی و شەریفزادە بە دەستی ژاندارم و جاشەکانی ئێران لە ژێر فەرماندەهی ویسی دەکوژرێن ! حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق بەشداریەکی چالاکانەیان دژبە بەرگریەکە بە لایەنگری لە شای ئێران لەو شەڕەدا دەبێ !؟؟

١٩٧٠.٠٣.١١

لە 11ی مارس بە پێی رێکەوتێک کە لە نێوان کوردەکان و دەوڵەتی بەغدا بۆ مافی سەربەخویی پێکدێ, دەبوو ٥ نوێنەری کورد بچێتە ناو پارلمانی عێراقەوە ! ریفورمێک لە وڵات پێک بێ ! پرۆژەی سڵامەتی و بارهێنان دروست بکرێ ! لە مەدرەسەکان بە کوردی بخوێندرێ و ئاکادمییەکی عیلمی کوردی پێک بێ !

دوای ماوەی ٣.٢ ساڵ دەوڵەتی عێراق ناتوانی و نایەوێ ئەو ویستە بەرحەقانەی کوردەکان بەجێ بێنێ !؟ لەو ساڵانەدا پەیتا پەیتا هێرش و ترۆر کردنی سەرکردەکانی کورد و سیاسەتی بە عەرەب کردنی ناوچە کوردیەکان لە لایەن سەرانی بەغداوە بەرێوە دەچێ !

١٩٧٠

لە سوریە حافز علی ئەسەد دێتە سەر کار .

١٩٧٠

دوکتور سمایل بێشکچی کە لە ساڵی ١٩٦١ ەوە خەریکی شیکردنەوە ولێکۆڵینەوە لە سەر مەسەلەی کورد لە کوردستانی تورکیە بوو, لەساڵی ١٩٧١ بە هۆی ئەو لێکۆڵینەوانە کە سەبارەت بە کورد کردبوی دەرەجەی پروفسوریەکەی لە زانکوی ئانکارا لێ دەستێندرێتەوە!

هەرئەوساڵەش لە زیندانی دەخەن ! لە ساڵی١٩٧٤ ئازاد دەکرێ و نووسراوەیەکی زۆر لەسەر مەسەلەی کورد دەداتە دەرێ کە هەر هەمووی قەدەغە دەکرێ ! لە ساڵی ١٩٧٨ ەوە دوکتور بە هوی ئەو لێکۆڵینەوانە زیاتر لە زینداندا بووە تا لە ئازادی ! ئاخرین محاکمەی لە ساڵی ١٩٩٠بڕیاری ٤٥ ساڵی سجن بووە ! کە ساڵی ١٩٩٩ ئازاد دەکرێ !



١٩٧١.٠٣.١٢

کودتای دوبارەی ئەرتەشی تورک بە رێبەرایەتی ژنرال تاگماک و نیهات ئاریم . حیزب و سازمانە چەپەکان قەدەغە دەکرێن ! هەزاران کەس دەگیرێن و لە سجن دەخرێن !

١٩٧٠

دیپۆرت و راگوێستنی ٣٠٠٠ وەرزێری ناوچەی هاکاری لە باکوری رۆژئاوای کوردستان بۆ رۆژئاوای ئاناتۆلی !

١٩٧٠

پێکهاتنی هەوەڵین زانکۆی کوردی دوای چوارپارچە کردنی کوردستان(ساڵی ١٩٢٣) لە سولیمانی

جووڵانەوەی ئازادیخوازی لە کوردستان

ئاوریلی ١٩٧٢

خوێندەواری کورد عەبدولا ئوجەلان کە لە ئورفا وە هاتبوو , بە هوی ریکخستنی مانگرتن دژبە کوشتنی ماهیر چایان لە زانکۆی ئانکارا بۆ ماوەی حەوت مانگ دەگیرترێ !

مارسی ١٩٧٣

هەوەڵین کۆبوونەوەی عەبدولا ئوجەلان لە تەک پێنج خوێنکاری کورد لە کوبۆکچوو ی نزیک ئانکارا, بۆ پێکهێنانی رێکخراوەیەک کە لە دواییدا دەبێتە حیزبی کارگەری کوردستان!

١٩٧٤

پێکهاتنی حیزبی سوسیال

یستی کوردستانی تورکیە لە ئانکارا . ژومارێک نووسراوە و رۆژنامە بە زمانی کوردی و تورکی دەدەنەدەرێ ! دوای فشارهێنانی رژیم لە ساڵەکانی ١٩٧٨ و کودتای ١٩٨٠ , ئەو حیزبە چالاکی خۆی لە تورکیە دوایی پێ دێنێ . زۆربەی ئەوانە رەوانەی ئوروپا دەبن کە ئەورۆ لە ژێر ناوی کۆمکار ئیش دەکەن .

مارسی ١٩٧٤

سەرچاوە Serchawe

لەومانگەدا ا بەغدا قانونێکی یەکلایانە سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی کوردستان دەداتەدەرێ کە مافێکی زۆر کەمتری بۆکوردان تێدادەبێ لەوەی کە لە ساڵی ١٩٧٠ دیاری کرابوو ! کوردەکان ئەوە ڕەددەکەنەوە و شەڕ قورستردەبێ و دەوڵەتی عێراق بە ئەوپەڕی درەندەییەوە هێرش دەباتە سەر ناوچە کوردیەکان, کە دەبێتە هوی ئاوارە بوونی سەدان هەزار کورد کە زۆربەیان پەنا بۆ ئێران دەبەن !

١٩٧٤.٠٤.٣٠

لەدار دانی لەیلا قاسم (نۆزدە ساڵە) و چوار خوێندکاری کوردی دی, دوای شکەنجە و ئازارێکی یەکجار زۆر لە سەر بە ڕەوا زانین و پشتیوانی ئەوان لە شەڕی چەکدارانەی باشوری کوردستان !

١٩٧٥

بەینی دوو شاری کوردنشینی ئامودا و دەریک لە باشوری ڕۆژئاوای کوردستان (بەشی سوریە) ٤٠ گوندی نوێ دورست دەکردرێن و ٧٠٠٠ بنەماڵەی عەرەب دەخزێندرێتە ناو گوندەکانەوە و هەمووش چەکدار دەکردرێن ! لە ساڵی ١٩٦٨ ەوە زیاتر لە ٣٠٠٠٠ کورد بە ناچار زێدی خۆیان بە جێ دەهێڵن و لە لبنان وناوچەکانی ناوەوەی سوریە حەول بۆ ژینێکی نوێ دەدەن !

١٩٧٥.٠٣.٠٥

قەراردادی ئەلجەزیرە لە بەینی ئێران و عێراق و هێرشی نامرۆڤانەی عێراق لە ٨ی مارس و تێکشکانی هێزەکانی بارزانی .

١٩٧٥.٠٦.٠١

لەو ڕۆژەدا لە برلین/دالیم یەکیەتی نیشتمانی کوردستان پێکدێ. سەرۆکی ئەو حیزبە تا ئەورۆش جەلال تاڵەبانییە.

١٩٧٥

بە درێژایی سنوری ئێران و تورکیە و بە پانایی ٢٠ کیلۆمتر بۆ نێو خاکی کوردستانی باشوور تەواوی گوندەکان رادەگوێزرێن و چۆڵ دەکرێن !

١٩٧٨

مەلامستەفا بارزانی بەهۆی نەخۆشی سەرەتان دەچێ بۆ ئامریکا و لە ساڵی ١٩٧٩ لەوێ دەمرێ . دوای مەلامستەفا کوڕەکانی ئیدریس و مەسعود ڕابەری حیزب بە ئەستۆ دەگرن کە دوای مردنی ئیدریس لە ساڵی ١٩٨٧ , مەسعود دەبێتە سەرۆکی حیزب .

لە ١٩٨٧.١١.٢٧ لە گوندی فیس ی دیاربەکر حیزبی کارگەری کوردستان(پ.ک.ک.) پێکدێ.

١٩٧٨.١٢.٢٣

کوشتاری کوردی عەلی الاهی لە لایەن تورکەفاشیستەکان (گورگە بۆرە)کانەوە. ئەو فاشیستانە لەلایەن سازمانی ئەمنیەتی تورکیەوە پشتیوانی دەکران ! زیاتر لە ١٠٠٠ کەس دەکوژرێن !

١٩٧٩

ڕاپەڕینی خەڵکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە هۆی گەشەپەیداکردنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان .

لە فوریەی ئەوساڵەدا حکومەتی شای ئێران دەڕوخی . خومەینی و داروودەستەکەی دێنەسەرکار ! کوردەکان بەو هیۆیەا بوون لە ژێر حکومەتی مەلایاندا مافی ڕەوای خۆیان پێ بدرێ ! تا ئەوکاتەی خومەینی هاتە سەرکار, کوردان بەتەواوی هێزەوە پشتیوانیان لە جوڵانەوەی سەرانسەری ئێران کرد.

ئەوکاتەی خومەینی دەوڵەتی ئێرانی خستە ژێر فەرمان, هەموو قەول و قەرارەکانی سەبارەت بە میللەتی کورد لە بیربردەوە و دەستوری هێرشی بۆ سەر کوردستان بەڕێوەبرد کە بووە هۆی کوژرانی دەیان هەزار کەس !

١٨ . ٢٢ .مارسی١٩٧٩

سەربازە بەکرێگیراوەکان لە شاری سنە دەستڕێژێ دەکەنە سەر خەڵک کە بۆ جێژنی نەورۆز و بۆ ئازادی خۆپێشاندنیان دەکرد, لەو هێرشەدا ١٧٨ کەس دەکوژرێن !

١٩٧٩.٠٨.١٧

خومەینی کوردەکانی ڕۆژهەڵات دژبە ڕاپەڕینی ئێران و ئیسلام نێودەبا و فەرمانی جیهادی دژی کورد ڕادەگەیێنێ و کوشتاری بەکۆمەڵ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەست پێ دەکا !

١٩٧٩.٠٨.٢٣

ئەرتەشی ئێران دەست دەکا بە بومبارانی شارەکانی کوردستان . لە ٢٣ ی ئاگوست سەقز , ١ ی سپتامبر بۆکان , ٢ ی سپتامبر خانێ , ٣ ی سپتامبر سابلاخ و ٦ ی سپتامبر سەردەشت دەکەونە ژێر پەلاماری هێزەکانی خومەینی !

٢ و ٣ ی دسامبری ١٩٧٩

لە ئێران و لە مەجلسی ئیسلامی ئایینی شیعە بە ئایینی ڕەسمی ئێران دادەندرێ !

١٩٨٠.٠٩.١٢

لە تورکیە بۆ جاری سێهەم کۆدتا دەکرێت ! ئەو کۆدتایە لە لایەن ناتۆ و ئامریکاوە پشتیوانی لێ دەکرێ ! ئەو دەوڵەتە تازەیەش تەواوی هێزی خۆی دژ بە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان و دژبە چەپەکان و کومنیستەکان بەکاردێنێ و ژومارێکی زۆر لە بەدیلگیراوانی سیاسی دەکوژرێن !



پ.ک.ک. هێزەکانی خۆیان لە باکووری کوردستانەوە بۆ لبنان ڕادەگوێزن و هەموو گروپەکان و حیزبەکانی کەش بۆ دەرەوەی وڵات و بەتایبەت بۆ ئوروپا پاڵ پێوەدەندرێن!

١٩٨٠.٠٩.٢٢ تا ١٩٨٨.٠٧.١٨

دەستپێکردنی شەڕی ئێران و عێراق کە ئەو شەڕە تەواوی کوردستانیش دەگرێتەوە .

١٩٨١

دژایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەبێتە هۆی شەڕی چەکدارانە لە نێوانیاندا و پێشمەرگەیەکی زۆر لە هەر دوو لا شەهید دەکرێن!؟

١٩٨٢.٠٣.٢١

مەزلوم دوگان ئەندامی پ.ک.ک. لە سجنی ئامێد دژبە ئەشکەنجە و سیاسەتی تورکیە سەبارەت بە کوردان, خۆی دەسووتێنێ !

١٩٨٢.٠٥.١٧

فەرهاد کولتای , ئەشرەف ئانیک , مەحمود زەنگین و نەسمی ئونەر یش هەر دژبە سیاسەتی تورکیە لەو ڕۆژەدا لە سجنی ئامێد خۆدەسووتێنن ! ئەو ڕۆژە بە نێوی شەوی چواران ناودێر کراوە!

١٩٨٣

پێکهاتنی کومەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە لە ساڵی ٧٠ کانەوە بە شێوەی تاکە کەس و چەکدارانە دژبە ڕژیمی ئێران شورشیان کردووە .

ئەرتەشی ئێران و حیزبی دیموکراتی عیراق بە دووقۆڵی حاجی عومران لە باشووری کوردستان ئازاد دەکەن .

١٩٨٥

دەوڵەتی تورکیە پرۆژەیەک بەنێوی پارێزگاری گوندەکان لە کوردستانی باکوور دەست پێدەکا کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئاغاکانی ناوچەکانی کوردنشین چەکداردەکا !

١٩٨٧

دەست پێکردنی ئەنفالەکانی ڕژیمی بەغدا دژبە کوردان . لە ئەنجامی ٨ ئەنفالدا بە بەکارهێنانی گازی عەسەبی و چەکی قەدەغەکراو زیاتر لە ١٨٠٠٠٠ کەس دەکوژرێن و یا ڕادەگوێزرێن و سەدان گوند چۆڵ و وێران دەکرێن !!

١٩٨٨/٣/١٦ بومبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە لە لایەن ڕژیمی بەعسی عێراقەوە کە دەبێتە هۆی کوژرانی زیاترلە ٥٠٠٠ کەس کە زۆربەیان ژن و منداڵ و پیرساڵ بوون !

سەرچاوە Serchawe




گۆڤاری یەکبوون، گۆڤارێکی گشتی سەربەخۆیە، بۆخزمەت بە بواری راگەیاندن و وشەی کوردی کار دەکا بۆ دەوڵەمەند و بە پیز کردنی رەخنە، پیشنیار و بابەتی بۆ رەوانە بکەن.

ئادرەسی پێوەندی: g.yekbun@hotmail.com

ئامادە کردن و پێشکەش کردنی : رەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe